# رۆڵ و بەشداریی سەربازیی کورد لە جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١دا

پ.د.سۆزان کەریم مستەفا*　　　　م.فاروق محەمەد محەمەد ئەمین**

وشە کلیلییەکان: کورد، بەشداریی کورد، ڕۆڵی سەربازیی، جوڵانەوەی مایس، ١٩٤١
https://doi.org/10.31271/jopss.10088

**پوختە**

جوڵانەوەی مایسی ساڵی ١٩٤١ی عێراق بە ڕووداوێکی گرنگ لە مێژووی هاوچەرخی ئەم وڵاتە دادەنرێت، کە پەیوەندییەکانی عێراقی- بەریتانی لە بەریەککەوتن و ململانێی سیاسییەوە بۆ پێکدادنی سەربازیی ڕاستەوخۆ گواستەوە، بە شێوەیەك ڕەوتی ڕووداوەکان و ئەنجامەکانی جوڵانەوەکە، کاریگەریی گرنگ و قوڵی لەسەر سوپاو ئەفسەرو پلەدارەکانی دیکەی ناو سوپای عێراق بەجێهێشت. هەروەك بەشداریی کارای سەربازانی کورد وەك یەکێك لە ڕەگەزە پێکهێنەرە سەرەکییەکانی سوپا، لە دەستپێك و هەڵایسان و کاریگەریی لەسەر ڕەوتی ڕووداوە گرنگەکانی جوڵانەوەکە، بایەخی تایبەتی خۆی هەیە. ئەوەش دەخوازێت لە ڕەهەندی جیاوازەوە توێژینەوەی لەبارەوە بکرێتو ڕۆڵی پێکهاتە سەرەکی و جیاوازەکانی سوپای عێراق لە جوڵانەوەکەدا بخرێتە ڕوو. لەو سۆنگەیەشەوە ئەم توێژینەوەیە بە ئامانجی خستنەرووی ڕۆڵو بەشداریی سەربازیی کورد و چۆنیەتی بەشدارییو کاریگەریی لە جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١ ئامادەکراوە. توێژەران بۆ ئەنجامدانی توێژینەوەکە، ڕێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و وەسفی و شیکارییان گرتووەتەبەر، ئەوەش لەبەر ڕۆشنایی پرسیاری توێژینەوەکە کە بریتییە لە: (١) ڕۆڵ و بەشداریی سەربازیی کوردانی ناو سوپا لە ڕەوتی ڕووداوەکانی جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١دا چەندو لەچ ئاستێکدا بووە؟ (٢) کاریگەریی‌و پێگەی کورد لە سەرکردایەتیکردنی سوپا و یەکە جیاوازەکانی سوپای عێراق لەمیانەی جوڵانەوەکەدا چۆن بووە؟ توێژینەوەکە بە چەند ئەنجامێك گەیشتووە کە لە کۆتاییدا بە چەند خاڵێك خراونەتەروو.

**الملخص**

**الدور العسكري للكورد ومشاركته في حركة مايو ١٩٤١**

تعد حركة مايو ١٩٤١ العراقية حدثا مهما في تاريخ العراق المعاصر، إذ نقلت العلاقات العراقية البريطانية من التصادم والصراع السياسي إلى الصراع العسكري المباشر، إن مسار الأحداث ونتائج الحركة ترك إنطباعا مهما وعميقا على الجيش والضباط وذوي الدرجات الاخرى داخل الجيش، كما تأثرت

* بەشی مێژوو، کۆلێجی زانستە مرۆڤایەتییەکان، زانکۆی سلێمانی sozan.mustafa@univsul.edu.iq

** بەشی مێژوو، کۆلێجی پەروەردەی زانستە مرۆڤایەتییەکان،زانکۆی سلێمانی

مشاركة الفعالة لجنود الكورد كإحدى المكونات الأساسية للجيش في البداية واندلاع الحركة على مسار احداثها الهامة، لها أهميتها الخاصة، وهذه تتطلب دراسة الموضوع من أبعادها مختلفة وتبرز دور المكونات الاساسية والمختلفة من الجيش العراقي في الحركة، بناء على ذلك تهدف هذه الدراسة لعرض دور ومشاركة جنود الكورد وكيفية مشاركتهم و تأثيراتهم في حركة مايو ١٩٤١. في ضوء تساؤلات الدراسة، استخدما الباحثان منهجية التأريخي والوصفي والتحليلي، وهما: (١) كم وما مستوى دور ومشاركة جنود الكورد ضمن الجيش في مسار أحداث حركة مايو ١٩٤١؟ (٢) ماهي كيفية وموقع الكورد في قيادة الجيش العراقي ووحداتها المختلفة أثناء الحركة؟ وقد وصلت الدراسة الى عدة نائج التي تم عرضها في نهايه البحث.

**Abstract**

**The Military Role of the Kurds and their Participation in the May 1941 Movement**

The Iraqis' movement in May 1941 is considered as an important event in contemporary history of this country. This movement was led to change and switch the British-Iraqi relations form political conflict to a direct military confrontation. The results of the movement and event streams had an important and extreme impact on the army, in general, military officers and other commissioned and non-commissioned officers of Iraqi-army, in particular. The Kurdish soldiers' active participation, as an influential ethnic in Iraqi's army units and formation has its own significance on the mentioned movement and events. These being multiethnic armed forces require some multidimensional studies to find out the role of the main and various ethnic groups and components of the army in that movement. Thus, the current study, which is conducted for the mentioned purpose, aims at addressing the role, participation, and participation approaches of Kurdish soldiers and their influences on the movement in March 1941. For conducting this study, the descriptive and analytical historical research methods are used to answer the following research questions: (1) What and how much was the role of Kurdish soldiers in the army among the event streams of movement in March 1941? (2) How was the influence of Kurds and their status in leading the army, and in different units of Iraqi army during the movement? The study has reached some outcomes which are presented in the last section.

## پێشەکی:

دوای سەپاندنی مانداتی بەریتانیا و دامەزراندنی دەوڵەتی عێراق لەلایەن بەریتانیاوە لە ساڵی ١٩٢١دا، عێراق لەژێر دەسەڵات و هەژموونی بەریتانیادا بوو، بەجۆرێك دوای بەدەستهێنانی سەربەخۆیی و بوونی بە ئەندامی کۆمەڵەی گەلان، لە رێگەی پەیمانی عێراقی ـ بەریتانی ساڵی ١٩٣٠، عێراق بە بەریتانیاوە بەسترابووەوە، هەموو ئەوانەش بوونە مایەی ئەوەی چەندین هەڵکشان و داکشان و بەریەککەوتن لە پەیوەندی نێوان ئەو دوو وڵاتەدا لە ئاستی جیاوازدا بێتە ئاراوە. بەتایبەتی دوای کۆچی دوایی (مەلیك فەیسەڵی یەکەم ١٩٢١-١٩٣٣) و لە سەردەمی (مەلیك غازی ١٩٣٣- ١٩٣٩)دا، پەیوەندییەکانی نێوان ئەو دوو دەوڵەتە لەسەر ئاستە جیاوازەکاندا تووشی گرژی و بەریەککەوتنی زیاتر بوو، بەجۆرێك دوای مردنی گوماناویی (مەلیك غازی) و تۆمەتبارکردنی بەریتانیاو دەستوپێوەندەکانی لە عێراق، دواجار لە میانی جەنگی دووەمی جیهانیدا پێکدادانی سەربازیی نێوان ئەو دوو دەوڵەتەی لێکەوتەوە، کە بە جوڵانەوەی مایسی ساڵی ١٩٤١ ناسراوە.

گرنگی بابەتی توێژینەوەکە بە گشتی خۆی لەوەدا دەبینێتەوە، کە جوڵانەوەی مایس بە قۆناغێکی گرنگی مێژووی هاوچەرخی عێراق دادەنرێت، بۆ یەکەمجار لە دوای دروستبوونی دەوڵەتی عێراق، پێکدادانی سەربازیی لەنێوان سوپای عێراق و بەریتانیادا روویدا، بێگومان کورد وەك پێکهاتەیەکی گرنگی ناو سوپای عێراق لەو کاتەدا، رۆڵ و بەشداریی کارا و کاریگەریی گەورەی لە جوڵانەوەی ناوبراودا هەبوو. لەو سۆنگەیەوە بە پێویستمان زانی ئەم توێژینەوەیە بە ناونیشانی (رۆڵو بەشداریی سەربازیی کورد لە جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١دا) ئەنجام بدەین.

ئامانج لەم توێژینەوەیەدا خستنەرووی پەیوەندییەکانی عێراق بەریتانیاو هۆکارو چۆنیەتی هەڵگیرسانی جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١ی عێراقە، بەتایبەتی رۆڵ و بەشداریی سەربازیی کوردانی ناو سوپای عێراق لە جوڵانەوەکە و کاریگەرییان لەسەر رەوتی رووداوەکانی جوڵانەوەی ناوبراوە.

لە ئامادەکردنی ئەم توێژینەوەیەدا سوود لە رێبازی لێکۆڵینەوەی مێژوویی‌و شیکاری وەرگیراوە، کە خۆی لە کۆکردنەوەی سەرچاوەی رەسەن‌و کۆکردنەوەی زانیارییەکان‌و هەڵسەنگاندن‌و تاوتوێکردن‌و شیکردنەوەیاندا بینیوەتەوە. هەروەها سود لە میتۆدی وەسفی وەرگیراوە کە وەسفی رووداو و گۆڕانکارییەکانمان لە قۆناغە جیاوازەکاندا کردووە.

گرفتەکانی توێژینەوەکە لە ئاماژە نەکردن و لەبەرچاو نەگرتنی رۆڵ و بەشداریی کورد لە سەرچاوەکاندا خۆی دەبینێتەوە، چونکە گرنگی بە جیامەندی لەسەر بنەمای رەگەزیی‌و نەتەوەیی و رۆڵی کورد نەدراوە، بەڵکو بەگشتی وەك سوپای عێراق مامەڵەی لەگەڵدا کراوەو زانیارییەکان تۆمارکراون‌و خراونەتەڕوو.

توێژینەوەکە لە دوو باس‌و ئەنجام پێکهاتووە، لە باسی یەکەمدا باس لە پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیاو هەڵایسانی جوڵانەوەی مایس کراوەو باسی دووەمیش بۆ رۆڵو بەشداریی سەربازیی کورد لە جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١دا، تەرخانکراوە. لەکۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەو ئەنجامانەی توێژەران لەمیانەی توێژینەوەکەدا پێی گەیشتوون بە چەند خاڵێك خراونەتەڕوو.

ئەوەش بە پشتبەستن بە چەندین سەرچاوەی گرنگ‌و رەسەن، لە گرنگترین ئەو سەرچاوانەی کە

کەڵكو سوودێکی زۆریان لێوەرگیراوە بریتین لە هەریەك لە کتێبی (الأسرار الخفية في حركة السنة ١٩٤١ التحررية)ی عبداالرزاق الحسني، هەروەها کتێبی (مذكرات الطريحي)ی محمد حسن الطريحي، لەگەڵ کتێبی (على الدرب العراق في العهدين الملكي والجمهوري مذكرات العميد الركن عامر حسك الإمارة (١٩٠٧- ١٩٨٢)ی عامر حسك الإمارة، وێرای بەکارهێنانو سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوەی گرنگو بەسوودی تر.

## باسی یەکەم: پەیوەندییەکانی عێراق و بەریتانیاو هەڵایسانی جوڵانەوەی مایس:

کاتێك (مەلیك غازی) لە شەوی ٤ نیسانی ١٩٣٩ لە تەمەنی ٢٧ ساڵیدا لە ڕووداوێکی تەمومژاویدا گیانی لەدەستدا، (نوری سەعید ١٨٨٨- ١٩٥٨) بە ڕێکخستنو جێبەجێکردنی پلانی تاوانەکە تۆمەتبارکرا[١]. ئەڵمانیاش هەوڵیدا وەك دەرفەتێکی گرنگ بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییەکانی لەگەڵ عێراقدا بیقۆزێتەوە، بۆیە لە چەندین ڕێگەی جیاوازەوە گرنگی بە بابەتەکەدا، لە هەمان کاتدا جەختی لەسەر تاوانبارکردنی بەریتانیا لە تێوەگلانی لە ڕووداوەکەدا دەکردەوە[٢]. بە مردنی (مەلیك غازی)ش (عەبدولئیلاه ١٩١٣- ١٩٥٨) لەسەر خوشکەزا منداڵە تەمەن چوار ساڵانەکەی بوو بە وەسی، کە بۆ ماوەی چواردە ساڵ تا (مەلیك فەیسەڵی دووەم ١٩٣٥- ١٩٥٨) گەیشتە تەمەنی گونجاو لەو پۆستەیدا مایەوە، لەبەر ئەوە (عەبدولئیلاه) لە قۆناغێکی سەختدا، لە (مەلیك فەیسەڵی یەکەمو مەلیك غازی) زیاتر حوکمی کرد[٣].

دوای ئەوەی جەنگی دووەمی جیهانی لە ٣ ئەیلولی ١٩٣٩ هەڵگیرسا، بەریتانیا لە ڕێگەی باڵیۆزەکەیەوە لە بەغداد داوای لە عێراق کرد، پەیوەندییەکانی لەگەڵ ئەڵمانیا بپچڕێنێتو جەنگ لەدژی ڕابگەیەنێت[٤]، (نوری سەعید) لە ٤ ئەیلول ڕایگەیاند کە عێراق بەسەرجەم پەیماننامەکانی لەگەڵ بەریتانیا پابەند دەبێت[٥]، لە ٥ ئەیلولی ١٩٣٩ بەڕێوەبەری پڕوپاگەندەی گشتی ئەم بڵاوکراوەیەی دەرکرد: "ئەنجومەنی وەزیران لە کۆبوونەوەی گرێدراوی خۆی لە ٥ ئەیلولی ١٩٣٩

---

(١) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، لطفي جعفر فرج: الملك غازي ودوره في سياسة العراق في المجالين الداخلي والخارجي ١٩٣٣-١٩٣٩، مكتبة اليقضة العربية، بغداد، ١٩٨٧، ص٢٦٨-٢٧٦؛ معن فيصل القيسي: الملك غازي ومواقفه الوطنية والعربية، ط ٣، مطبعة السيماء، بغداد، ٢٠١٩، ص١٢٧-١٣٠.

(٢) احسان عبدالهادي النائب: فريتز غروبا و دوره السياسي في العراق (١٩٣٢-١٩٤١)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيـة، السليمانية، ٢٠٠٨، ص١٩٦.

(٣) جرالد دي غوري: ثلاثة ملوك في بغداد، ترجمة وتعليق، سليم طه التكريتي، ط ٢، مكتبة النهضة العربيهة، بغداد، ١٩٩٠، ص١٨١.

(٤) تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، ط ١، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦، ص١٥٠؛ علاءالدين حسين مكي خماس: من أيام العراق الملكي مذكرات أمير اللواء الركن حسين مكي خماس، ط ١، شركة دار الاكاديميون للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٧، ص١٤٣.

(٥) ابراهيم خليل أحمد و جعفر عباس حميدي: تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى، المؤسسة اللبنانية للكتاب الأكاديمي، بيروت، ٢٠١٤، ص١١٤.

بڕیاری پچڕاندنی پەیوەندی لەنێوان حکومەتی عێراقو ئەڵمانیاو گواستنەوەی سەرجەم چاودێرانی ئەڵمانی بۆ دەرەوەی عێراق دا"[١]. هەردوو وەزیری دەرەوەو ناوخۆ بۆ گرتنەبەری ڕێوشوێنی پێویست بۆ ئەو مەبەستە ڕاسپێردران[٢]. شایانی باسە سەرۆکی ئەنجومەنی وەزیران بەبێ گەڕانەوە بۆ ئەنجومەنی نوێنەران، یاخود وەرگرتنی بۆچوونی سوپا لەوبارەوە ئەو ڕێوشوێنانەی گرتەبەر[٣]. پاشان (نوری سەعید) سەرۆك وەزیران، فەرمانی کرد بە گرتنی ئەو چاودێرە ئەڵمانیانەی لە عێراق نیشتەجێنو لە فڕۆکەخانەی حەبانییە ڕادەستی دەسەڵاتدارانی بەریتانیا کران، ئەم ڕێوشوێنانە بوونە مایەی توڕەیی ئەفسەری کورد (حسێن فەوزی ١٨٨٩-١٩٥٨) سەرۆك ئەرکانی سوپاو هەریەك لە (ئەمین ئەلعومەریو ئیسماعیل نامیق)، هەروەك بووە هۆی توڕەیی سەرکردەکانی تریش[٤]. هەروەها بووە هۆی دابەشبوونێکی گەورە لە سیاسەتی دەرەوەی عێراقدا، بەتایبەتی کە لەو دەمەدا رای گشتی لە عێراق و وڵاتانی عەرەبی تا رادەیەکی زۆر روو لە ئەڵمانیا بوو و هیوایەکی گەورەیان لەسەر هەڵچنیبوو[٥].

هەروەك (نوری سەعید) هەوڵیدا وڵات بخاتە ناو جەنگەکەوەو دەیویست لە ٢٣ شوباتی ١٩٤٠ جەنگ دژی ئەڵمانیا ڕابگەیەنێتو لەکاتی پێویستدا دوو فیرقەی سوپای عێراق بۆ شەڕکردن بۆ لیبیا یان بەلقان دژی هێزەکانی میحوەر بنێرێت[٦]، بەڵام ئەم پێشنیازە ڕووبەڕووی دژایەتی توند بووەوە، بەتایبەتی لەلایەن (فەریق حسێن فەوزی) سەرۆك ئەرکانی ئەو کاتی سوپای عێراقەوە[٧].

دوای دەستلەکارکێشانەوەی وەزارەتی چوارەمی (نوری سەعید)، لەسەر راسپاردەی وەسی (عەبدولئیلاه)، (ڕەشید عالی گەیلانی) وەزارەتی سێیەمی (٣١ ئازاری ١٩٤٠- ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٤١) پێکهێنا[٨]. کاتێك وەزیرەکان هەستیان کرد بۆچوونی زۆرینەی ئەندامانی ئەنجومەنی نوێنەران ناجێگیرەو لەپاڵ حکومەتدا نییە، سەرۆك وەزیران لە ڕۆژی ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٤١ مەرسومی پاشایەتی بە هەڵوەشاندنەوەی ئەنجومەنی نوێنەران بۆ واژۆکردن بۆ لای وەسی برد، بەڵام مەرسومەکەی واژۆنەکرد[٩]، بەڵکو لە هەمان ڕۆژدا بە مەبەستی دەستخستنی کاتو رزگاربوون لە فشاری سەرۆك وەزیران (ڕەشید عالی گەیلانی)و چوار عەقیدەکە، کە سوپایان خستبووە دۆخی

---

(١) عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج ٥، الطبعة السادسة، مكتبة اليقظة العربية، بيروت، ١٩٨٢، ص٩٨؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٣.

(٢) عبداالرزاق الحسني: الأسرار الخفية في حركة السنة ١٩٤١ التحررية، الطبعة الخامسة، مركز الابجدية، بيروت، ١٩٨٢، ص٥٨.

(٣) عامر حسك الإمارة: على الدرب العراق في العهدين الملكي والجمهوری مذكرات العميد الركن عامر حسك الإمارة (١٩٠٧- ١٩٨٢)، ط ٢، دار قناديل للنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٢٢، ص٢١٥.

(٤) صلاح الدين الصباغ: رواد العروبة في العراق، الطبعة الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد، ص٨٢-٨٣.

(٥) احسان عبدالهادی النائب: م. س، ص٢٠٤.

(٦) طه البامرني: العائلة المالكة (البداية.. النهاية)، ط ١، دار الحكمة- لندن، لندن، ٢٠٢٠، ص٣٣.

(٧) صلاح الدين الصباغ: م. س، ص١٤٣-١٤٤؛ طه البامرني: م. س، ص٣٣.

(٨) عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ص١٢٨-١٣٠.

(٩) علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٥.

ئامادەباشییەوە، وەسی بەغدادی بەرەو دیوانییە بەجێهێشت و لە ماڵی فەرماندەی فیرقەی چوار (لیوا روکن ئیبراهیم ئەلراوی) کە دڵسۆزی بوو دابەزی[١]. لە ئێوارەی ٣٠ کانوونی دووەمی ١٩٤١ ئەنجومەنی وەزیران لەگەڵ چوار ئەفسەرەکە بۆ لێکۆڵینەوە لەو دۆخەی هاتبووە ئاراوە لەدوای جێهێشتنی پایتەختی وڵات لەلایەن وەسییەوە کۆبووەوە، کە چەند کاتژمێرێکی خایاندو لە میانەی گفتوگۆکردنیاندا چەند بۆچوونێکی جیاواز خرانەڕوو، لە بەیانی ڕۆژی ٣١ کانوونی دووەمی ١٩٤١، (رەشید عالی گەیلانی) دەستلەکارکێشانەوەی وەزارەتەکەی پێشکەش کردو بە بروسکە ناردی بۆ وەسی لەدیوانیەو ئەویش لە هەمان ڕۆژدا پەسەندی کرد[٢]. پاشان لەبارەگای خۆی لە دیوانییە داوای پێکهێنانی وەزارەتی لە (محەمەد سەدر) کرد، بەڵام رەتیکردەوە، بۆیە داوای پێکهێنانی حکومەتی نوێی لە (تەها هاشمی) کرد، تاوەکو کۆنترۆڵی چوار ئەفسەرەکە بکاتو سنورێك بۆ دەستێوەردانیان لە سیاسەت دابنێت، لە ڕێگەی پەرشو بڵاوکردنەوەیان لەلایەكو باشکردنی پەیوەندییەکانی عێراقی بەریتانی کە لەسەردەمی حکومەتی پێشووی گەیلانیدا دەستی بە داڕمان کردبوو لەلایەکی ترەوە[٣].

دوای دەستلەکارکێشانەوەی گەیلانیو پەسەندکردنی، وەسی هەندێك کەسایەتیو سیاسەتمەداری بە مەبەستی ڕاوێژکردن لەگەڵیان دەربارەی دۆخی ئەوکاتو پێکهێنانی حکومەتی نوێ بۆ دیوانییە بانگکرد، لەوێ حکومەت بە (عەقید تەها هاشمی) سپێردرا، حکومەتی (تەها هاشمی) داوای لە وەسی کرد بۆ بەغداد بگەڕێتەوە، هەریەك لە (عومەر نەزمی) وەزیری ناوخۆ و (ئەمین زەکی سلێمان) سەرۆك ئەرکانی سوپا بەوەکالەت بۆ یاوەری کردنی نارد، بەڵام وەسی لە ترسی بوونی پیلانێك بۆ کوشتنی نەگەڕایەوە، بۆیە هاشمی ناچاربوو خۆی بچێت بۆ دیوانییەو وەسی بە گەڕانەوە بۆ بەغداد ڕازی بکات، دواجار وەسی لەگەڵ هاشمی لە سەرەتای شوباتی ١٩٤١ بۆ بەغداد گەڕایەوە[٤]. بەوەش دۆخەکە تەنها بۆ ماوەیەکی کەم باش بوو[٥].

لە کۆتایی ساڵی ١٩٤٠و سەرەتای ساڵی ١٩٤١و دوای دەرکەوتنی گروپی چوار ئەفسەرە بەهێزەکەی ناسراو بە (چوارگۆشەی زێڕین)، هەریەك لە (سەڵاحەددین سەباغو کامل شەبیبو محەمەد فەهمی سەعیدو مەحمود سلێمان)، ژمارەیەکی زۆر لە یەکەکانی سوپا لە بەغداد بوون، بەبێ ئەوەی پێویستی کرداریان پێیان هەبێت، بارەگاکانی هەریەك لە فیرقەی یەكو فیرقەی سێ لە بەغداد بوون، فەرماندەی فیرقەی یەك (عەقید روکن کامل شبیب) و فەرماندەی فیرقەی سێ (عەقید

(١) جرالد دي غوري: م. س، ص١٩١؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٥.

(٢) علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٦.

(٣) رسول فرهود هاني الحسناوي: عقدان من تاريخ العراق السياسى ١٩٣٨-١٩٥٨ دراسة تأريخية تحليلية، ط ١، المطبعة دار الفرات للثقافة والاعلام فى الحلة، الحلة، ٢٠١٦، ص٣٦.

(٤) جرالد دي غوري: م. س، ص١٩١؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٦.

(٥) مذكرات سندرسن باشا طبيب العائلة الملكية في العراق ١٩١٨-١٩٤٦، الطبعة الثانية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨٢، ص٢٥٩.

روكن سەڵاحەددین سەباغ) بوو[١]. (تۆفیق سویدی) وەزیری دەرەوەی عێراق لە رۆژی پێنجشەممە ٦ ئازاری ١٩٤١ بەغدادی بەرەو میسر بەجێهێشت، لەوێ لەگەڵ (مستەر ئەنتۆنی ئەیدن) وەزیری درەوەی بەریتانیا کۆدەبێتەوە، ئەمەی دووەمیان چەند داوایەکی لە وەزیری دەرەوەی عێراق کرد، لەمەڕ پێویستی پچڕاندنی پەیوەندییەکانی نێوان عێراقو ئیتاڵیا، هەروەك لەنێوان ئەو و ئەڵمانیا پێشتر پچڕێنرابوو. رێگەدان بە کۆکردنەوەی سوپای بەریتانیا لەعێراق. پێویستی دوورخستنەوەی چوار عەقیدەکەو ئەوانەی لەپەنای ئەواندان، یاخود لانیکەم پەرشو بڵاوکردنەوەیان، تاوەکو کاتی دوورخستنەوەیان دێت[٢].

(تەها هاشمی) لە ٢٠ ئازاری ١٩٤١ داوای گواستنەوەی (عەقید کامل شبیب)ی لە سەرکردایەتی فیرقەی یەك لە بەغداد بۆ سەرکردایەتی فیرقەی چوار لە دیوانییە کردو (لیوا ئیبراهیم ئەلراوی) لەشوێنی ئەو بۆ بەغداد بهێنرێت، بەوپێیەی ناوبراو کەسێکی گونجاوەو و لە دەستوەردان لە کاروباری سیاسی بەدوور بوو، هەروەها داوای گواستنەوەی بارەگای (عەقید سەڵاحەددین سەباغی) لە بەغدادەوە بۆ ناوچەی دیالە، لە سەرۆك ئەرکانی سوپا کردو ئەویش پەسەندی کرد[٣]. چوار عەقیدەکەش ئەو بڕیارەیان بە مەترسی لەسەر چارەنووسی خۆیان دەزانی، پێیانوابوو دەبێتە سەرەتای نەهێشتنی یەکڕیزی سوپاو برایەتیو هاوهەڵوێستی نێوان سەرکردەکانی[٤]. هەروەك پێیانوابوو کە ئەو پەرش و بڵاوکردنەوەیە لەلایەن (عەبدولئیلاه)ەوە تۆڵەسندنەوەیە لێیان، لەبەرئەوە (محەمەد فەهمی سەعید) دەڵێت: "بەهەر نرخێك بێت ئەوان پێی ڕازی نابن"[٥]. بۆیە دەستیان بەسەر بەغدادا گرت و داوای دەستلەکارکێشانەوەی (تەها هاشمی)و دانانی (رەشید عالی گەیلانی)یان لەشوێنی کرد[٦].

دوابەدوای پەرەسەندنی ڕووداوەکان، چوار عەقیدەکە ئێوارەی ٣١ ئازاری ١٩٤١، بە ئامادەبوونی سەرۆك ئەرکانی سوپا (ئەمین زەکی سلێمان)و (رەشید عالی گەیلانی) لە سەربازگەی وەشاشی نزیك بەغداد کۆبوونەوەیەکیان گرێدا، بڕیاریاندا ڕێوشوێنی پێویست بۆ چوونە ناوەوەی هێزە چەکدارەکان و دەستگرتن بەسەر بەغداددا بگرنەبەر، بە مەبەستی جێبەجێکردنی پلانەکەیان لە بەیانی ڕۆژی ١ نیسانی ١٩٤١هوە، کە بریتی بوو لە ناچارکردنی (تەها هاشمی) بە دەستلەکارکێشانەوەو دانانی گەیلانی لە شوێنی، بۆ ئەو مەبەستە هەندێك لە یەکەکانیان خستە دۆخی ئامادەباشییەوە، لە شەودا چواردەوری فەرمانگەکانی بروسکەو گەیاندنو تەلەفۆنیاندا، گەمارۆی دەروازەی ڕێگا گشتیو پردەکانیاندا، هەروەك دەوری کۆشکی ریحابو کۆشکی زهوریاندا[٧]. پاشان (عەقید فەهمی سەعید)

---

(١) علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٧.

(٢) وەرگیراوە لە، عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ....، ص١٢١-١٢٢.

(٣) مذكرات طه الهاشمي ١٩١٩-١٩٤٣، الطبعة الأولى، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٧، ص٤١٣-٤١٤.

(٤) عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج ٥، ص٢١١.

(٥) وەرگیراوە لە، مذكرات طه الهاشمي ١٩١٩-١٩٤٣، ص٤١٤.

(٦) عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج ٥، ص٢١٢.

(٧) علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٧-١٤٨؛ طه البامرني: م. س، ص٣٧.

لەگەڵ سەرۆك ئەرکانی سوپا بەوەکالەت (فەریق ئەمین زەکی سلێمان) چوون بۆ ماڵی (تەها هاشمی)و پێیان ڕاگەیاند دۆخەکە گەیشتووەتە ئەوپەڕی، دەبێت بە هاوکاری (ڕەشید عالی گەیلانی) کە سوپا متمانەی تەواوی پێی هەیە دەرچەیەك بۆ ئەم قەیرانە بدۆزرێتەوە، دوای ئەوەی نەیانتوانی (تەها هاشمی) بەلای خۆیاندا رابکێشن، ناچاریان کرد واژۆ لەسەر دەستلەکارکێشانەوەی بکاتو ڕادەستیان بکات[١]. کاتێك (وەسی)یان لە خەو هەستانو لە بوونی دۆخی نائاسایی سوپا لە دەوروبەری کۆشك ئاگاداریان کردەوە، بەجلوبەرگی خەوەوە توانی بە ئۆتۆمبێلەکەی گەمارۆکە بشکێنێت، لە هەمان شەوی ١ نیسانی ١٩٤١ چوو بۆ ماڵی (سالیحە)ی پوری لە ڕەسافەی بەغداد[٢]، ڕۆژی دواتر کۆمسیۆنی ئەمریکی بە بەلەمێك بۆ دۆرە گواستییانەوە، لەوێوە بە ئۆتۆمبێل  بۆ حەبانیە دەیگوازنەوە،  پاشان لەوێوە بە یاوەری ئەفسەری هەواڵگری بەریتانی (دومڤل) بە فڕۆکەیەکی هێڵی ئاسمانی بەریتانی، شەوی ٤/٣ نیسانی ١٩٤١ بە سەلامەتی دەیگەیەننە بەسرە[٣]. بەرلەوەی وەسی نوسراوی دەستلەکارکێشانەوەکەی هاشمی ببینێت[٤]. پاشان هەریەك لە (نوری سەعید، جەمیل مەدفەعیو عەلی جەودەت ئەیوبی) چوونە پاڵ وەسی لە بەسرە[٥]. دواجار سوپای عێراق لەگەڵ هێزەکانی بەریتانیا لە نێوان نیسانو مایسی ١٩٤١ چوونە ململانێو جەنگەوە، کە چەندین ڕووداو و گۆڕانکاریو ئەنجامی کاریگەری لەسەر سوپای عێراق لێکەوتەوە، ئەویش جوڵانەوەی مایس بوو کە بە جوڵانەوەی (ڕەشید عالی گەیلانی) ناسراوە[٦].

هۆکاری ئەوەی وەسی بەسرەی هەڵبژارد پەنای بۆ بەرێت، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوەی پێیوابوو دەتوانێت ئەو شارە گەورەیە  بۆ دەستپێکردنی جوڵەکانی بەکاربهێنێت، کە هێزی لایەنگرو چەند هاوکاری تێدایە. هەروەها بەسرە لە رابردوو و لەو کاتەشدا بۆ هەر هاوکارییەکی ئینگلیز یاخود هاوکاریی بیانی بنکەی سەرەکیی بوو. لەلایەکی ترەوە چونکە پێشتر، فەرماندەی فیرقەی چوار (لیوا ئیبراهیم ئەلراوی)، کە وەسی گومانی باشی پێیبوو، داواکانی جێبەجێ نەکرد کاتێك لە ٣١ کانوونی دووەمی ١٩٤١ پەنای بۆ دیوانییە برد[٧]. لەبەرئەوە لەکاتی گەیشتنی وەسی بۆ بەسرە هەوڵیدا جوڵانەوەیەکی بەرهەڵستکاری چەکداریی لەو شارە ڕێکبخاتو حکومەتێکی دژ دروست بکات کە بە زەبری هێز جوڵانەوەی مایس پاکتاوبکات، موتەسەریفی بەسرە (ساڵح جەبر) یەکەم کەس بوو ئامادەیی خۆی لەگەڵ وەسی بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی جوڵانەوەکە دەربڕی، هەوڵیدا فەرماندەی حامیەی

(١) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٣٧-١٣٨؛ عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج ٥، ص٢١٢؛ فاضل البراك: دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا سنة ١٩٤١، دار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩، ص٢٠٢؛ Majid Khadduri: Independent Iraq A Study in Iraqi Politics since 1932, Oxford University Press, Ameen House, London, 1951, p181

(٢) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٣٨؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٨.

(٣) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٣٨؛ عامر حسك الإمارة: م. س، ص٢١٩.

(٤) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٤٢.

(٥) Majid Khadduri: Op. Cit, p182.

(٦) تشارلز تريب: م. س، ص١٥٤-١٥٥.

(٧)عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٤٣.

بەسرەو فەرماندەی هێزی دەریایی‌و فەرماندەی یەکەکانی سوپای جێگیر لە ناوچەکە بە پاڵپشتیکردنی وەسی ڕازی بکات، بەڵام ئەوان ڕەتیانکردەوە ڕوبەڕووی یەکەکانی سوپای عێراقی جێگیر لە بەغداد ببنەوە[١].

دوای ئەوەی هەوڵەکان بۆ لەتکردنی سوپا شکستی هێنا، کوتلە سەربازییەکە لە بەغداد بڕیاریدا لە دامەزراندنی حکومەتی سەربازیی بۆ وڵات بەناوی (حکومەتی بەرگری نیشتمانی) بە سەرۆکایەتی (ڕەشید عالی گەیلانی) پەلەبکات، بۆ ئەو مەبەستە پەیوەندی بە سەرکردەکانی سوپاو پیاوانی وڵاتەوە کرد، ئەم حکومەتە سەربازییە لە ڕۆژی پێنجشەممە ٣ نیسانی ١٩٤١ پێکهێنرا. لە هەمان ڕۆژدا لە وەزارەتی بەرگری لە بەغداد ئەنجومەنی حکومەتی بەرگری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی (ڕەشید عالی گەیلانی)و ئامادەبوونی سەرۆك ئەرکانی سوپا (ئەمین زەکی)و بەڕێوەبەری کاروباری بەرگری (ئیسماعیل نامیق)و بەڕێوەبەری بزاوتن (نورەدین مەحمود)و سەرکردەی فیرقەکان بۆ دەرکردنی چەند بڕیاری پێویست، کۆبوونەوەیەکیان ئەنجامدا[٢]. پاشان (گەیلانی‌و ئەمین زەکی) چوون بۆ دیوانی ئەنجومەنی وەزیران‌و (تەها هاشمی) یان لە بڕیارەکە ئاگادارکردەوە[٣]. دوای ئەوە لە کاتژمێر (٢١:٠٠)ی هەمان ڕۆژدا بەیاننامەیەك لەلایەن سەرۆك ئەرکانی سوپا بە وەکالەت لەسەر ئامانجەکانی حکومەتی بەرگری نیشتمانی‌و هۆکارەکانی پێکهێنانی بڵاوکرایەوە، پاشان لە کاتژمێر (٢٢:٠٠)دا (ڕەشید عالی گەیلانی) بەیاننامەیەکی دیکەی لەسەر هۆکارەکانی هەڵگرتنی بەرپرسیارییێتی لەم هەلومەرجەدا بۆ رای گشتی بڵاوکردەوە[٤]. هاوکات حکومەتی بەرگری نیشتمانی لە بەغداد زانیاری لەسەر هەموو ئەوەی لە بەسرە ڕوویدا هەبوو، بۆیە سەرۆکایەتی ئەرکانی گشتی سوپای عێراق لە کاتژمێری ١٢ ئەم بروسکەیەی بۆ فەرماندەی حامیەی بەسرە نارد: "موتەسەریف ساڵح جەبر دەستگیربکەن‌و لەژێر چاودێری پاسەوانییەکی توندا بینێرن بۆ بەغداد، ئەمە فەرمانی کۆتایی‌و یەکلاکەرەوەیە، ئاگادارمان بکەنەوە"[٥]. هەروەك داوای کردبوو ڕێگری لە پەیوەندی (عەبدولئیلاه) لەگەڵ دەرەوەدا بکەن[٦]. لە ئەنجامی ئەوەدا موتەسەریف دەستگیرکراو لە ژوورێکی تایبەتی شەمەندەفەر بە پاسەوانی ئەفسەرێك بە پلەی سەرۆك (نەقیب) بۆ بەغداد گواسترایەوە، پاشان لەسەر خواستی خۆی ڕێگەی پێدرا بۆ ئێران بڕوات[٧].

لە پاڵ حکومەتی بەرگری نیشتمانی، لە ڕۆژی دووشەممە، ٧ نیسانی ١٩٤١ ئەنجومەنی باڵای بەرگری نیشتمانی بە سەرۆکایەتی (ڕەشید عالی گەیلانی)و ئەندامێتی هەریەك لە (عەلی مەحمود شێخ عەلی)، (یونس سەبعاوی)، سەرۆك ئەرکانی سوپا بە وەکالەت‌و چوار عەقیدەکە پێکهێنرا، لە

(١) رسول فرهود هاني الحسناوي: م. س، ص٤١.
(٢) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٥٠-١٥١.
(٣) م. ن، ص١٤٠؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٩.
(٤) علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٩.
(٥) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٥٥؛ مذكرات عامر حسك الإمارة: ص٢٢٤-٢٢٥.
(٦) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٤٥.
(٧) بۆ زانیاری زیاتر بروانە، م. ن، ص١٥٥-١٥٦.

بارەگای وەزارەتی بەرگری لە ٧ نیسان کۆبوونەوە و جەختیان لەسەر پێویستی کۆتاییهێنان بەو دۆخە نائاساییە و گێڕانەوەی ژیانی دەستووری بۆ وڵات کردەوە، بڕیاریدا ئەنجومەنی گەل بانگهێشت بکات بۆ چاوخشاندنی بە دۆخی وڵاتدا، کە لە ئەنجامی هەڵاتنی وەسی و لەکارخستنی دەستوور، دوای دەستلەکارکێشانەوەی هاشمی لە حکومەت، هاتبووە ئاراوەوە، هەروەها بۆ دانانی وەسییەکی نوێ لەسەر تەختی عێراق[١].

بۆ ئەو مەبەستە، حکومەتی بەرگری بۆ کۆبوونەوە بۆ دامەزراندنی وەسییەکی نوێ بۆ سەر تەختی عێراق نیشتمانی بڕیاریدا بانگهێشتی ئەنجومەنی گەل بکات، ئەنجومەنی ناوبراو لە نیوەڕۆی ڕۆژی پێنجشەممە ١٠ نیسانی ١٩٤١، بە سەرۆکایەتی بەتەمەنترین ئەندامی (علوان ناسری)و بە ئامادەبوونی ٧ ئەندامی ئەنجومەنی ئەعیانو ٨٧ نوێنەر کۆبووەوە، تیایدا (ڕەشید عالی) پێنشیازی لادانی وەسی (عەبدولئیلاه) و هەڵبژاردنی (شەریف شەرەف)ی بە وەسی نوێ لەسەر تەختی عێراق کرد، پێشنیازەکەیان پەسەندکرد و وەسی نوێ سوێندی دەستووری خوارد[٢]، پاشان لە هەمان ڕۆژدا دەستی بە پیادەکردنی دەسەڵاتە دەستوورییەکانی کرد، یەکەم کاری دەست لەکارکێشانەوەی (تەها هاشمی) پەسەندکرد، کە بەهۆی هەڵاتنی وەسی بە هەڵواسراوی مابووەوە، هەروەها (ڕەشید عالی گەیلانی) بۆ پێکهێنانی حکومەتێکی نوێ ڕاسپارد، کە لە ١٢ نیسان وەزارەتی پێکهێناو وەزارەتی ناوخۆشی لەلای خۆی هێشتەوە، بەوەش کۆتایی بە قەیرانی دەستوری هات[٣]. لە هەمانکاتدا حکومەتی ناوبراو لەلایەن سەکردەکانی سوپاوە پاڵپشتی کرا[٤].

دوای کۆتاییهاتنی ڕێوڕەسمی هەڵبژاردنی وەسی نوێو پەسەندکردنی دەست لەکارکێشانەوەی (تەها هاشمی)و پێکهێنانی وەزارەتی چوارەمی گەیلانی لە ڕۆژی ١٠ نیسانی ١٩٤١و ئەو پشتگیرییە جەماوەرییەی حکومەت بەدەستیهێنا، ئەوە وای لە بەریتانیا کرد بیر لە مانۆڕێکی تر بکاتەوە بە کشاندنەوەی وەسی بۆ وڵاتێکی تر بۆ ماوەیەك لەوێ چاوەڕوان بێت تا کاتێکی گونجاو، چونکە لەوکاتەدا لە پرسی گەڕاندنەوەی وەسی بێهیوابوون[٥]. بە تایبەتی دوای ئەوەی (عەبدولئیلاه) لەماوەی مانەوەی لە بەسرە شکستیهێنا لەوەی سەرکردە سەربازییەکانو سەرۆك هۆزەکانو کەسایەتییە گرنگەکان بەلای خۆیدا رابکێشێت، خۆشی بێهیوابوو لەوەی بتوانێت ناوەندێکی بەهێز بۆخۆی دابمەزرێنێتو ئاڵنگاری دەسەڵاتی بەغدادی پێبکات، دواجار بڕیاریدا لەگەڵ یاوەرەکانی

(١) م. ن، ص١٦٢. طارق الناصري: عبدالاله الوصي على عرش العراق (١٩٣٩- ١٩٥٨) حياته ودوره السياسي، ج ١، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص١٨٩؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٩.

(٢) نجم الدين السهروردي: التأريخ لم يبدأ غدا حقائق واسرار عن ثورتي رشيد عالي الكيلاني ٤١ و ٥٨ في العراق، ط ٢، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩، ص٤٨-٤٩؛ رسول فرهود هاني الحسناوي: م. س، ص٤٢-٤٣؛ علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٩.

(٣) جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، مطبعة النعمان، نجف الاشرف، ١٩٧٦، ص٤٦-٤٧؛ عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٦٦،١٧٥؛ حامد الحمداني: صفحات من تاريخ العراق الحديث من الاحتلال البريطاني حتى ثورة ١٤ تموز ٥٨ (١٩١٥-١٩٥٨)، الكتاب الأول، ط ١، السويد، ص١٨٨.

(٤) فاضل البراك: م. س، ص٢٠٦.

(٥) طارق الناصري: عبدالاله الوصي ...، ج ١، ص١٩٦-١٩٧.

عێراق بەجێبهێڵنو رۆژی ١٦ نیسانی ١٩٤١ بۆ قودس گوازرانەوە[١]. بەریتانیا هانیدان دۆخە نوێیەکەی عێراق نەسەلمێنن، تاوەکو بە ناردنو کشانی هێزێکی سەربازی بەرەو بەغداد، بۆ سەر وەسایە (سەرپەرشتیار)ی تەخت دەیگێڕێتەوە[٢].

لە میانەی بەرەوپێشچوونی ڕووداو و تەنگژەکاندا، باڵیۆزی بەریتانیا لە ڕۆژی ١٦ نیساندا حکومەتی عێراقی لە دابەزاندنی هێزەکانی بەریتانیا لە بەسرە ئاگادارکردەوە[٣]، ئەوەش بەپێی پەیماننامەی عێراقی- بەریتانی ساڵی ١٩٣٠ کە بەندەکانی ئەو مافەی بە بەریتانیا داوە[٤]. ئەگەرچی لە سەرەتادا حکومەتی عێراق رەتیکردەوە رێگە بە دابەزاندنی هێزی زیاتری کەشتییە بەریتانییەکان لە بەسرە بدات مەگەر لە بارێکدا هێزەکانی بەریتانیا لە ناوخۆی عێراقدا، وڵاتیان بەجێهێشتبێت[٥]، بەڵام لە ١٩ نیسان رەزامەندی لەسەر دابەزینی ئەم هێزانە نواند، بە مەرجی ئەوەی بەریتانیا بەخێرایی ئەم هێزانە لە بەسرەوە بۆ رتبە بگوازێتەوەو هێزەکان لە حاڵەتی تێپەڕبوونیاندا نابێت لە یەك لیوای تێکەڵ زیاتربن، لەکاتی هاتنی هێزی دیکە بۆ تێپەڕبوون بە خاکی عێراقدا پێویستە ماوەیەك بەر لەوە حکومەتی عێراق ئاگادار بکرێتەوە، هەروەها ڕایانگەیاند ڕێگە بە دابەزاندنی هیچ هێزێکی تری بەریتانیا نادرێت، بەرلەوەی ئەو هێزانەی لەم دواییەدا گەیشتوون سنوری خاکی عێراق بەجێبهێڵێن[٦]. بەڵام حکومەتی بەریتانیا پابەندنەبوو بە رێنماییەکانی وەزارەتی دەرەوەی عێراق بە نەناردنی هێزی سەربازیی نوێ بەر لەوەی هێزەکانی پێشوو عێراق جێبهێڵن، بەڵکو بەردەوام بەشەو ڕۆژ بەریتانیا لە دابەزاندنی سەربازو چەندین کەشتی چەك و تەقەمەنیو ئامێرو ئامرازی سەربازیی بە پاساوی جیاواز، بەردەوامبوو[٧]. سەرئەنجام بووە هۆی هەڵایسانی شەڕی عێراقی بەریتانی ناسراو بە جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١.

## باسی دووەم: رۆڵی سەربازیی و بەشداری کورد لە جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١دا:

لە بەرەبەیانی رۆژی ٤ نیسانی ١٩٤١ (سەلاحەددین سەباغ) و (فەریق ئەمین زەکی سلێمان)

---

(١) زينب كاظم احمد: البصرة خلال حركة مايس ١٩٤١، مطبعة دار الحكمة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٩٢، ص٥٣-٥٤.

(٢) أبو خلدون ساطع الحصري: مذكراتي في العراق ١٩٢٧-١٩٤١، ج ٢، ط ١، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٨، ص٥٩٨.

(٣)عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٨٧؛ ستيفن همسلي لونگريك: العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ إلى ١٩٥٠ تاريخي، سياسي، إجتماعي وإقتصادي، ج ٢، ترجمهة، سليم طه التكريتي، ط ١ منقحة، دار الرافدين، لبنان، ٢٠١٩، ص١٢٠.

(٤) بۆ دەقی پەماننامەکە بڕوانە، عبدالرزاق الحسني: العراق في ظل المعاهدات، ط ٦ بالاوفست، مطبعة دار الكتب، بغداد، ١٩٨٣، ص٢٤٢-٢٤٧.

(٥) مؤيد الونداوي: العراق سنوات الحرب العالمية الثانية (الوثائق البريطانيه)، ط ١، مكتبهة النهضة العربية، بيروت، ٢٠٢٢، ص٢٥٤.

(٦) حكومهة الدفاع الوطني عام ١٩٤١: الكتاب الابيض، اعداد وتقديم نجم الدين السهروردي، ط ١، مطابع دار الزمان، بغداد، ١٩٦٦، ص٢٣؛ عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٨٧-١٨٨؛ ستيفن همسلي لونگريك: م. س، ج ٢، ص١٢٠.

(٧) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، زينب كاظم احمد: م. س، ص٦٣-٦٥.

سەرۆك ئەركانی سوپا بە وەكالەت، بە تەلەفۆن لەگەڵ (رەشید جەودەت)[١] فەرماندەی حامیەی بەسرەدا قسەیانكرد، وێرای ئەوەی دۆخەكەی بۆ ڕوون دەكەنەوە سەرۆك ئەركانی سوپا داوای لێدەكات جگە لە فەرمانی ڕاستەوخۆی ئەو هیچ فەرمانێكی دیكە جێبەجێ نەكات[٢]. پاشان بۆ جەختكردنەوە لەسەر پەیوەندییە تەلەفۆنییەكەیان بە واژۆی سەرۆك ئەركانی سوپا لە بەغداد ئەم بروسكەیەی بۆ حامیەی بەسرە كرد: "میر عەبدولئیلاه لەبەسرە لەلاتانە، خاسیەتی سەرپەرشتیاریی نییە، كۆنترۆڵی بارودۆخی بەسرە بكەن، ڕاستەوخۆ فەرمانەكانتان لە سەرۆكایەتی ئەركانی سوپاوە وەربگرن، ئاگادارمان بكەنەوە"[٣].

لە ڕاستیدا (سەڵاحەددین سەباغ) زۆر نیگەران بوو لە دۆخی بەسرەو گومانو ترسیان لە هەڵویستی (رەشید جەودەت) فەرماندەی حامیەی بەسرە هەبوو، كە لیوایەكی پیادەی بەتەواوی لەژێر كۆنترۆڵدا بوو، چونكە كەسێكی دەمارگیری پرسی كورد بوو و لە لایەكی دیكەشەوە جەودەت لەگەڵ نەتەوەییەكاندا كە (سەڵاحەددین سەباغ) سەركردایەتی دەكردن تەبا نەبوو، چونكە هاوڕێی تایبەتی فەریق بەكر سدقی (١٨٩٠-١٩٣٧)و لایەنگری كودەتاكەی بوو كە لەلایەن نەتەوەییەكانەوە لەناوبرا، هەروەك (عەقید فەهمی سەعید) یەكێك لە دیارترین سەركردەكانی جوڵانەوەی مایس، ڕۆڵی باڵای لە كوشتنی (بەكر سدقی)دا هەبوو، هەموو ئەوانەش وای لێكرد لە هەڵوێستی (رەشید جەودەت) دڵنیا نەبێتو لەسەر ئەو بنەمایە (محەمەد حەسەن تریحی)و (رەئیسی یەكەمی روكن مەحمود درە) بۆ بەسرە دەنێرێت بۆ دڵنیابوون لە هەڵوێستی ناوبراو[٤]. بەتایبەتی كە ئەو بە چوونە پاڵ هەریەك لەو دوو بەرە دژ بەیەكە دەیتوانی ئاراستەی جەنگەكە بگۆڕێت[٥]. هەروەها (رەشید جەودەت) پەیوەندی خزمایەتی لەگەڵ (ماجد مستەفا)[٦] موتەسەریفی لیوای عەمارەو پەیوەندی

---

([١]) رەشید جەودەت مەحمود: لە ساڵی ١٨٩٤ لە سلێمانی لەدایك بووە، لە سەرەتادا خوێندنی ئایینی لە حوجرە تەواوكردووە، دوای ئەوە چووەتە قوتابخانەی روشدیەی سەربازیی لە سلێمانیو پاشان لە ساڵی ١٩١٤ قوتابخانەی سەربازیی عوسمانی لە ئەستەنبوڵ تەواوكردووە و بە پلەی ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا دامەزراوە، بەشدرای لە بەرەی شەڕی بەلقان بەشداری لە جەنگی یەكەمی جیهانیدا كردووەو چەند جارێك لە شەڕەكاندا برینداربووە، پاشان بۆ شاری سلێمانی گەڕاوەتەوەو پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ مەحمودەوە كردووە، لەسەر داوای سمكۆی شكاك بەشداریی لە شۆرشەكەی لە ڕۆژهەڵاتی كوردستان كردووە، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ مەحمودەوە دەكاتەوە، دوای كۆتایی هاتنی شۆڕشی شێخ مەحمود وەك ئەندازیاری ڕوپێوو بۆ ماوەیەكی كەم لە تاپۆی سلێمانی خزمەتی كردووە، پاشان پەیوەندی بە سوپای عێراقەو كردووەو وەك ئەفسەرو فەرماندەیەكی باڵای سوپای عێراق ڕۆڵی بینیوە، لە پای هەڵوێستە نیشتمانییەكانی توشی گرتنو ڕاوەدوونان بووە، لە ٢٤ ئابی١٩٧٢ كۆچی دوایی كردووەو لە گۆڕستانی ئەبوحەنیفە لە بەغداد بە خاك سپێردراوە. (ڕەشید جەودەت، www.kurdipedia.org).

([٢]) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ط ١، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٩، ص٢١٣.

([٣]) وەرگیراوە لە، محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢١٣؛ عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٤٥؛ محمد حسن الطريحي: مذكرات الطريحي، الطبعة الأولى، دار المدى للثقافة والنشر، بغداد، ٢٠٠٦، ص١٥٣؛ مذكرات عامر حسك الإمارة: ص٢٢٠.

([٤]) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢١٢؛ مذكرات الطريحي: ص١٥٢، ١٦١.

([٥]) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢١٢.

([٦]) ماجد مستەفا: لە ساڵی ١٨٩٦ لە سلێمانی لەدایكبووە، دوای تەواوكردنی ئامادەیی سەربازیی، مەدرەسەی

لەگەڵ (موقەدەم فایەق کاکە ئەمین)[١] فەرماندەی حامیەی ناسریە هەبوو[٢]، بە هەموویان هێزو دەسەڵاتێکی زۆریان لەو ناوچەیەدا هەبوو، بەوەش دەیانتوانی باڵانسی هێز بە قازانجی هەریەك لەو بەرەیەی بچنە پاڵی یەکلایی بکەنەوە.

چەند سەرچاوەیەك ئاماژە بەوە دەکەن کە وەسی لە سەرەتادا توانی (رەشید جەودەت) فەرماندەی حامیەی بەسرە بەلای خۆیدا رابکێشێت، بەتایبەتی کە وەسی دەیویست سوپا دابەشبکاتو لەگەڵ یەکتر بکەونە شەڕەوە، دەسەڵاتدارانی بەغداد بەو دەستپێشخەرییە پەشۆکان، رێوشوێنی پێویستیان بۆ پوچەڵکردنەوەی گرتەبەر، بۆ ئەو مەبەستە (رەشید عالی) پەیوەندی بە موتەسەریفی لیوای عەمارە (ماجد مستەفا) کەسی نزیکی (ژنبرای عەقید ڕەشید جەودەت) کرد، داوای لێکرد دۆخەکە قوتاربکات، موتەسەریف (ماجد مستەفا) لەو رەوشە هەستیارەدا بەخێرایی بۆ بەسرە چوو و توانی (رەشید جەودەت) لەسەر خراپی لێکترازانی سوپاو دابەشبوونی لەناوخۆیدا قایل بکات، هەروەك ئامانجەکانی ئەو جوڵانەوە سەربازییەی دەستی پێکردووە لە بەغداد بۆ ڕوونکردەوە، توانی رازی بکات لەپاڵ حکومەتی بەغدادا بوەستێت[٣]. لەگەڵ ئەوەی چەند جار (رەشید جەودەت)

---

حەربییەی لە ئەستەنبوڵ تەواوکردووەو بە پلەی مولازم دەرچووە، وەك ئەفسەر لە سوپای عوسمانی دامەزراوە، بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کردووە، دوای ئاگربەست بۆ بەغداد دەگەڕێتەوە، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی شێخ مەحمودەوە کردووە و یەکێك لە سەرکردەکانی هێزی شێخ مەحمود بووە، لە ساڵی ١٩٢٧ بە بەڕێوەبەری ناحیەی موفەقیە لە لیوای کوت دامەزراوە، دوای ئەوە چەندین جار چەند پۆستی کارگێڕی جیاوازی وەك قائیمقامو موتەسەریفی لیواو وەزیریی وەرگرتووە، هەروەك چەند جار بە ئەندامی ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراق هەڵبژێردراوە، لە ساڵی ١٩٥٣ بەدواوە سەرقاڵی کاروباری بازرگانی بووە، تاوەکو لە ٢ ئابی ١٩٧٤ لە بەغداد کۆچی دوایی کردووە. (میر بصری: أعلام الكرد، ط ١، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١، ص٢٢٣-٢٢٤؛ جمال بابان: أعلام كرد العراق، ج ١، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٦، ص٦٥٣).

(١) فایەق کاکە ئەمین عەبدولکەریم حاجی عەباس سیوەیلی: لە ساڵی ١٨٩٧ لە گەڕەکی سابوونکەرانی شاری سلێمانی لەدایکبووە، خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی روشدییەی سەربازیی لە سلێمانیو پاشان ئامادەیی سەربازی لە بەغداد تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩١٤ لە کۆلێژی جەنگی لە ئەستەنبوڵ دەرچووە، لە سوپای عوسمانیدا دامەزراوەو بەشداری لە جەنگی یەکەمی جیهانیدا کردووە، هەروەها بەشداری لە چەند خولی مەشقو ڕاهێنانی چەکی رەشاشی سوكو قورس کردووە وێڕای ئەوەی بەشداری لە خولی فڕۆکەوانی کردووەو بووە بە ئەفسەری فڕۆکەوان، چەندین مەدالیای ڕێزلێنانی بەدەستهێناوە، پاشان بۆ عێراق گەڕاوەتەوەو تاوەکو ساڵی ١٩٢٣ لە سوپای کوردستانی حکومەتی شێخ مەحموودا ئەفسەر بووە، پاشان پەیوەندی بە سوپای عێراقییەوە کردووەو چەندین خولی سەربازیی پێشکەوتووی تایبەت بە ئەفسەرانی بەپلەی ناياب تەواو کردووە، چووەتە کۆلێژی ئەرکانو بە پلەی ناياب لێی دەرچووە، کۆتا پلەی سەربازیی لە سوپای عێراقدا عەقید روکن بووە، دوای شکستی جوڵانەوەی مایس لە ساڵی ١٩٤١ خانەنشین کراوە، لە ساڵی ١٩٤٦ بەدواوە سەرقاڵی کاری بازرگانی بووە، لە ساڵی ١٩٥٥ کۆچی دوایی کردووەو لە گۆڕستانی غەزالی لە بەغداد نێژراوە. (گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم ژیاننامەو پێرست، ئامادەکردنی سدیق ساڵحو ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦، ل٢٣٨؛ ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە: شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چ ١، چاپخانەی رەهەند، ٢٠١٥، ل١١٤).

(٢) مذكرات الطريحي: ص١٦١.

(٣) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢١٢؛ عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفيهة ...، ص١٥٠؛ علاءالدين

خۆی بە تەلەفۆن پەیوەندی بە (ماجد مستەفا)وە کرد، ڕێککەوتن لەسەر ئەو هەوڵوێستەی بیگرنەبەر، ئەوەش پێش ئەوەی (عەقید ڕەشید جەودەت) کۆبوونەوە بە فەرماندەی یەکەکانی لیواکەی بکات[1]. ئەگەرچی بە بڕیاری (ڕەشید عالی) پەیوەندی بە (ماجید مستەفا)وە کرا، بەڵام ڕاستەوخۆ خۆی پەیوەندی بە ناوبراوەوە نەکرد، بەڵکو بەهۆی پەیوەندی خزمایەتیەوە داوا لە (فەهمی سەعید) کرا پەیوەندی بە (ماجد مستەفا)وە بکات تا پەیوەندی بە (ڕەشید جەودەت) فەرماندەی حامیەی بەسرەوە بکات[2]. دوای ئەوەی دەنگو داوای (فەهمی سەعید) بە (ڕەشید جەودەت) لە بەسرە گەیەندرا، (ڕەشید جەودەت) لە وەڵامیدا وتبووی: "وا دیارە محەمەد فەهمی من باش ناناسێ، تۆ بڵێی من دووی خوێرییەکی وەك... وەسی بکەوم، یا تۆ بڵێی ئیبراهیم ڕاوی لە من باشو پیاوتر بێ"[3]. بەوەش حکومەتی بەرگری نیشتمانی توانی پشتگیری حامیەی بەسرە بۆخۆی مسۆگەربکات[4]. لەبەرئەوە (عەقید ڕەشید جەودەت) هەڵوێستی (لیوا ئیبراهیم ئەلراوی) هاوڕێی وەرگرتو فەرماندەی یەکە جیاوازەکانی لیواکەی لە ڕۆژی ٤ نیسانی ١٩٤١ کۆکردەوەو چەند بڕیارێکیاندا لەوانە:

١. پاراستنی هێمنیو ئارامی بەسرەو ڕێگەنەدان بە ڕوودانی هیچ پێکدادانێك.
٢. شەڕ نەکردنی یەکەکانی سوپای جێگیر لە بەغداد، لەبەرئەوەی دەبێتە هۆی دابەشبوونی وڵات بۆ دوو سەربازگە، وەك ئەوەی لە ئیسپانیا ڕوویدا.
٣. ڕێگەنەدان بە هاتنە ناوەوەی هێزەکانی بەریتانیا بۆ بەسرە لەبەرئەوەی ئەوە لە ئەرکە سەرەکییەکانی سوپایە.
٤. پاراستنی ژیانی وەسی.
٥. ڕێگەنەدان بە پێکهێنانی هیچ حکومەتێك لە بەسرە چونکە پێکهێنانی پێچەوانەی ئەم بڕیارانەیە[5].

لە ڕۆژی ٢٩ نیسان سێ کەشتی کە دوانیان سەربازی هەڵگرتبوو و سێیەم کەلوپەلی سەربازی پێبوو، سێ فڕۆکەو سێ کەشتی جەنگی پاسەوانی ئەو کاروانەی دەکرد کە ژمارەی سەربازەکانی گەیشتبووە سێ هەزار سەرباز سەرجەمیان هیندی بوون، بەڵام ئەفسەرەکان لە هیندیو بەریتانییەکان تێکەڵبوون، هاتنە ناو سنوری ئاوی عێراقەوە[6]، هیچ بایەخی بە بڕیاری حکومەتی عێراق نەدا، لە هەمان ڕۆژدا دەستی بە دابەزاندنی هێزەکانی کردو ناوچەی بەندەرو پڕۆژەی

---

حسين مكي خماس: م. س، ص١٤٨-١٤٩.
(1) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢١٣-٢١٤.
(2) نضر علي أمين الشريف: محمد فهمي سعيد الدور العسكري والسياسي فى تاريخ العراق المعاصر، ط ١، مطبعة الميزان، بغداد، ٢٠٠٢، ص٤١٠.
(3) وەرگیراوە لە، کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چ ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١، ل١٢٩.
(4) مذكرات الطريحي: ص١٤٢.
(5) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢١٤؛ عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٥٠؛ مذكرات عامر حسك الإمارة: ص٢٢١-٢٢٢.
(6) زينب كاظم احمد: م. س، ص٦٦.

کارەبایان داگیرکرد[1]. پاشان هێڵەکانی گواستنەوەو دابینکارییان لە هێزەکانی عێراق لەگەڵ ناوچەکانی تری عێراقدا بڕی، ئەوەش سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای عێراقی بە کشاندنەوەی هێزەکانی لە بەسرە ناچارکرد، پێش ئەوەی لەباری هەڵگیرسانی شەڕدا رادەستی بەریتانییەکان ببێت، بۆیە فەرمانی بە لیوای پیادەو بەتەرییەی بیابان کرا، کە دوای هەڵاتنی وەسی بۆ بەسرە نێردرابوو، بۆ بارەگا هەمیشەییەکەی لە موسەییب بگەڕێنەوە، هەروەك فەرمانی بە سەربازگەی سەرەکی بەسرە کرد بە بەجێهێشتنی شوێنگەکەی لە فاو و ئەبو خەسیبو بەسرەو کشانەوەیان بۆ هارسە لە باشوری قورنە، هەروەها بەجێهێشتنی فەوجی ڕاهێنانی پیادە لە بەسرە[2]. پاشان حکومەتی عێراق هەندێك ڕێوشوێنی یەدەکی فریاکەوتنی بۆ سەلامەتی وڵات گرتەبەر، ئەویش بە دامەزراندنی هێزێك لە تەنیشت حەبانییە بۆ رامکردنەوەی ڕای گشتی، وەك نارەزایی دەربڕین بەرامبەر پێشێلکردنی پەیماننامەکە، باڵیۆزخانەی بەریتانیا یاداشتێکی لە ٣٠ نیسانی ١٩٤١ پێشکەشکرد، داوای کشانەوەی هێزەکانی عێراقی لە دەروروبەری حەبانییە دەکردو هەڕەشەی گرتنەبەری ڕێوشوێنی سەربازیی دژی هێزەکانی سوپای عێراقی دەکردو بەرپرسیارییەتیشی خستە ئەستۆی دەسەڵاتدارانی عێراق[3]، شایانی باسە ئەو هێزە بە سەرکردایەتی (عەقید فەهمی سەعید) بوو، کە لە سریەی دەبابەو زرێپۆشو کەتیبەی تۆپخانەی میکانیکیو دوو بەتەرییەی بەرگری فڕۆکەو چەند لیوای سەربازیی پیادە پێکهاتبوو[4]. دیارە (فەهمی سەعید) لەبەر رۆڵی بەرچاوی لە سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەی مایس لەگەڵ سێ ئەفسەرەکەی تری هاوڕێیو (رەشید عالی گەیلانی)دا، هەر لە سەرەتاوە نازناوی "لولب الحرکة"ی پێدراوە[5].

(فەهمی سەعید) لە شەوی ٣٠/٢٩ نیسانی ١٩٤١ بە سەرۆکایەتی یەکەکانی سوپا کە پێکهاتبوو لە هێزی میکانیکیو یەکەکانی هێڵەکانی فیرقەی دوو و سێ، قائیمقامیەتی فەلوجەی کردە بارەگا، تاوەکو لەوێوە سەرپەرشتی هێزەکان بکات بەسیفەتی فەرماندەی هێزی میکانیکیو فەرماندەی فیرقەی سێ بە وەکالەت، لە بەرەبەیانی ٣٠ نیسان هێزەکانی بە ئاراستەی بنکەی بەریتانی پێشڕەوییان کردو دەوری بنکەی حەبانییەیاندا[6]. بەڵام هێزەکانی بەریتانیا لە حەبانییە پێکهاتبوون لە (١٢٠٠) سەربازی هێزی لیڤی بۆ پاسەوانی بنکەکە، کە نیوەیان لە ئاسورییەکانو نیوەکەی تریان لە عەرەبو کورد پێکهاتبوون[7]، لەگەڵ هێزێکی پیادەی بەریتانیا کە پێکهاتبوو لە تەنها (٣٥٠) سەرباز بە سەرکردایەتی (عەقید ئەیفریت)، لە کۆتا رۆژی مانگی نیساندا لە ڕێگەی فڕۆکەوە بۆ حەبانییە

(١) جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، ص٥٠.

(٢) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢٥٠.

(٣) الكتاب الابيض: ص٢٩.

(٤) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢٦٨-٢٦٩.

(٥) نضر علي أمين الشريف: م. س، ص٤١٥؛ کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٧.

(٦) نضر علي أمين الشريف: م. س، ص٤٣٤-٤٣٥.

(٧) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢٤٧؛ حوادث العراق في سنة ١٩٤١ كما ترويها وزارة الحرب البريطانية والمستر ونتسن تشرشل في مذكراته، ترجمة، جعفر خياط، ط ١، دار الرافدين، بيروت، ٢٠١٩، ص٣٧.

گوازرانەوە[١]. هەروەها هێزی ئاسمانی بەریتانی کە لە (٨٢) فڕۆکە پێکهاتبوو، (٦٤) فڕۆکەیان دەتوانرا بۆ شەڕکردن بەکاربهێنرێن، وێرای بوونی (١٨) زرێپۆشو دوو تۆپهاوێژ[٢].

بۆ ئامادەکاری فریاکەوتن وەزارەتی بەرگری بڕیاریدا هەندێك لە یەکەکانی بۆ فەلوجەو رومادی بنێرێت، بەڵام چوونی ئەم یەکانە بۆ گردەکانی دەورووبەری سن زبان (سن الذبان)، بەبێ ئاگایی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا بوو، بە ڕای وەزارەتی بەرپرس نەبوو، بەڵکو بە ئیجتیهادی فەرماندەی بەرەکە بوو[٣]. ئەو هێزە بە سەرکردایەتی (فەهمی سەعید) بوو، (سەڵاحەددین سەباغ) لەو بارەوە دەڵێت: "ئەو [فەهمی سەعید] ئازاو زیرەك بوو، پەیوەست بوو بە ڕای خۆیو زانیارییەکانی، کە لە توانای خۆی زیاتر بوو، ئەوە وای لە فەهمی کرد هەڵەیەکی بازاڕی ناشرین بکات بەپێچەوانەی فەرمانەکانم، ... ئەوەش یەکێك بوو لە هۆکارەکانی شکانی سوپای عێراقی لە سن زبانو بەردەوام نەبوون لە شەڕکردن"[٤]. بەڵام ئەفسەری کورد (عەقید روکن نورەدین مەحمود) بەڕێوەبەری بزاوتن ئاماژەی بەوە کردووە کە چوار فەرماندە عەقیدەکە، (سەڵاحەددین سەباغ، فەهمی سەعید، مەحمود سلێمانو کامل شبیب)، لەنێو خۆیاندا رێککەوتبوون لەسەرئەوەی ئەم یەکانە دەوری بنکەی بەریتانی لە سن زبان بدەن" بەبێ ئاگایی ئەو، ئەویش کاتێك لە (سەڵاحەددین سەباغ)هوە لە رێککەوتنەکە تێگەیشت ، هیچی نەکرد جگە لەوەی بێدەنگی هەڵبژارد[٥]. هەروەها مەحمود درە لە کتێبەکەیدا دەڵێت: "دەسەڵاتی باڵای دەوڵەت (وەزارەتو چوار عەقیدەکە) دەسەڵاتەکانو تەنانەت متمانەیان لە سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا سەندبوو"[٦]. بۆیە دەتوانین بڵێین بڕیاری جوڵاندنی هێز بۆ گەمارۆدانی بنکەی سەربازی بەریتانیا، بە کۆدەنگی چوار عەقیدەکە بووە نەوەك (فەهمی سەعید) بە بڕیاری خۆی پێشڕەوی کردبێت.

پەرەسەندنی رووداوەکان بووە هۆی پێکدادنی سەربازیی، کاتێك لە بەرەبەیانی ڕۆژی ٢ مایسی ١٩٤١ هێزی ئاسمانی بەریتانی هێزە عێراقییەکانی تەنیشت حەبانییەی بۆردومانکرد، لەبەرامبەردا هێزە عێراقیەکان وەڵامیاندایەوە، تۆپخانەی عێراقیو هێزەکانی پیادە تەقەیان لە فڕۆکە هێرشبەرەکانی بنکەی حەبانییە کرد، شەڕو بۆردومان لەنێوان هەردوولا لە دەوروبەری حەبانییە بۆ ماوەی چوار ڕۆژ بەردەوامبوو، تا ڕۆژی ٦ مایس، سوپای عێراقی لە ناوچەکە بەرەو ڕۆژهەڵات پاشەکشەی کردو لە سن زبان لەسەر رێگەی ڕومادی بەغداد جێگیربوون[٧]. ئەوەش کارئاسانی بۆ

(١) حوادث العراق في سنة ١٩٤١ ...، ص٣٧-٣٨.

(٢) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢٤٧.

(٣) عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٩٦.

(٤) صلاح الدين الصباغ: م. س، ص٣٣.

(٥) وەرگیراوە لە، عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص١٩٦.

(٦)الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٢٥٦.

(٧) جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨، ط ٢، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٥، ص١٧٤؛ رسول فرهود هاني الحسناوي: م. س، ص٤٧؛ ستيفن همسلي لونگريك: م. س، ج ٢، ص١٢٤-١٢٥؛ طه البامرني: م. س، ص٤١.

فرۆكەكانی بەریتانیا كرد بۆ بۆردومانكردنو پەرشوبڵاوكردنو بەدیلگرتنی (٢٦) ئەفسەری عێراقی و (٤٠٠) سەرباز، وێرای دەستگرتن بەسەر چەند ئۆتۆمبێلو تۆپهاوێژو كەلوپەلی جەنگی تر، بەو شێوەیە ئەوانی تر بۆ فەلوجە كشانەوە[١]. لەهەمان كاتدا باڵیۆزخانەی بەریتانیا بڵاوكراوەیەكی دابەشكردو تیایدا ڕایگەیاند كە بەریتانیا نیازی داگیركردنی عێراقی نییەو بەتوندی هێرشی كردە سەر حكومەتی شۆڕشو ڕەشید عالی گەیلانی سەرۆكیو بەمەترسیدارترین كەس بۆسەر چارەنووسی عێراقو گەلی عێراق بەگشتی ناوبرد[٢].

هاوكات لەگەڵ دەستپێكی شەڕ لە حەبانییە، لە ٢ مایسی ١٩٤١ فەرماندەی بەریتانیا لە بەسرە سوپای عێراقی ئاگاداركردەوە بۆ قورنە پاشەكشە بكەن، هەمان ئاگاداركرنەوەشی ئاراستەی فەوجی عێراقی جێگیر لە سەربازگەی جەبیلە كرد، ماوەی هۆشداری بۆ پاشەكشەكردنەكەش لە كاتژمێر دوانزەی نیوەڕۆ كۆتایی دەهات[٣]، هاوكات (عەقید ڕەشید جەودەت) فەرماندەی لیوای حەوتی پیادە چوو بۆ لای (لیوا ئیبراهیم ئەلراوی) و پێی ڕاگەیاندووە كە پێكدادان لە حەبانییە ڕویداوە، هەروەها (جەنەراڵ فرایزەر) فەرماندەی هێزەكانی بەریتانیا لە بەسرە فەرمانیكردووە بە دەستگیركردنی ئەو فەوجەكەی عێراق لە بەسرە، پاشان (ئیبراهیم ئەلراوی) دەچێت بۆ بینینی فەرماندەی بەریتانی (جەنەراڵ فرایزەر) بۆ مەبەستی كشانەوەی فەوجە عێراقییەكە بە تەواوی چەكەكانیەوە، بەڵام لە گەیشتن بە ئەنجام شكستیهێنا بەهۆی پێداگری (جەنەراڵ فرایزەر) لەسەرئەوەی فەوجە عێراقیەكە چەكەكانیان لەژێر پاسەوانی پۆلیسی عێراقی بەجێبهێڵن، دواجار بە نێوەندگیری (ساڵح حەمام) بریكاری موتەسەریفی بەسرە، (جەنەراڵ فرایزەر) ڕازی بوو فەوجەكە بە تەواوی چەكانییەوە بكشێتەوە[٤]. بەو شێوەیە فەوجەكە بە چەكەكانیەوە كشایەوە بێ ئەوەی هیچ كەس لە سەربازەكانی لەدەستبدات، ئەوەش بۆ خۆلادان لە پێكدادانی سەربازیو پەنادانی شارەكە لە وێرانبوون و كاولكاریی[٥]. لەو سەروبەندەدا (ماجد مستەفا) موتەسەریفی لیوای عەمارە، چوو بۆ قورنەو چاوی بە (لیوا ئیبراهیم ئەلراویو عەقید ڕەشید جەودەت كەوت) كەوت، بیرۆكەی بەشداری پێكردنی هۆزەكانی عەمارەی لە جوڵانەوەی یەكە سەربازییەكانو ململانێی نێوان عێراقو بەریتانیا بۆ خستنەڕوو، بەڵام لەبەر هۆكاری سەربازیی بەو پێیەی هۆزەكان هێزی نا دیسپلینن، ڕەنگە هەندێك كاربكەن لە دەرەوەی ئامانجەكانی شۆڕش بێتو زیان بە دیسپلینی سوپا بگەیەنن بەتایبەتی لەو دۆخە نا ئاساییەدا، لەبەرئەوە پشتگیری بیرۆكەكەیان نەكرد[٦].

كاریگەری و ململانێی جەنگەكە بەشێكی زۆری شارو ناوچەكانی عێراقی گرتەوە، لە ڕۆژی ١٤

---

(١) ستيفن همسلي لونكريك: م. س، ج ٢، ص١٢٥.

(٢) جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨، ص١٧٤.

(٣) زينب كاظم احمد: م. س، ص٧٦.

(٤) يونس بحرى: اسرار (٢) مايس ١٩٤١ و الحرب العراقية الانكليزية، مطبعة الحرية، بغداد، ١٩٦٨، ص١٠٧-١٠٨؛ ابراهيم الراوي: من الثورة العربية الكبرى الى العراق الحديث، ط ٢، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧٨، ، ص٢٣٠-٢٣١.

(٥)عبدالرزاق الحسني: الأسرار الخفية ...، ص٢٣٨.

(٦) زينب كاظم احمد: م. س، ص٨١؛ مذكرات عامر حسك الإمارة: ص٢٣٣.

مایسی ١٩٤١ هێزی ئاسمانی بەریتانیا کەرکوکی بۆردومان کرد، لە هەمان ڕۆژدا لە هەولێر فرۆکەخانەی شارەکەی بۆردومان کردو دوو فڕۆکەی عێراقی زیانی گەورەیان پێگەیشت، ڕۆژی دواتریش هەولێر بۆردومان کرا[١]. پاشان لە بەرەبەیانی ٢٢ مایسی ١٩٤١ لەناو شاری فەلوجەو باکورو ڕۆژهەڵاتیدا، شەڕ دەستیپێکردو تاوەکو کاتژمێر سێی پاشنیوەڕۆی خایاند، لە ئاکامدا هێزەکانی بەریتانیا سەرکەوتن و هێزە عێراقییەکان ناچاربوون پاشەکشە بکەن، زیانی هێزەکانی عێراق لەو شەڕەی ڕۆژی ٢٢ مایسی ١٩٤١، (١٠٤) سەرباز گیانیان لەدەستداو زیانی هێزەکانی بەریتانیا (٤٠٠) کوژراو بوو[٢]. شایانی باسە (تەها بامەڕنی)[٣] لەوکاتەدا پلەی مولازمی یەکەم بووە لە پۆستی یاریدەدەری فەوجی یەك لە لیوای شەش بووە، لەو شەڕەی فەلوجە دژی هێزەکانی بەریتانیا بەشداربووە[٤]. هەریەك لە ئەفسەرانی کورد (رائید روکن عیزەت عەبدولعەزیز)[٥]و (رائید مستەفا خۆشناو)[٦] و (نەقیب میر حاج ئەحمەد)[١] کە لە ئەفسەرانی درەوشاوەی تۆپخانە بوو لەناو ئەو

---

([١]) یونس بحري: م. س، ص١٢٥.

([٢]) طه البامرني: م. س، ص٤٣.

([٣]) تەها مستەفا بامەڕنی: لە ساڵی ١٩١٧ لە بامەڕنی سەر بە شارۆچکەی ئامێدی لەدایك بووە، کۆلێژی سەربازی لە بەغداد لە رشتەی پیادە تەواو کردووە، پلەکانی سەربازی تاوەکو پلەی عەقید بڕیوە، لە کۆتا ڕۆژەکانی سەردەمی پاشایەتیدا فەرماندەی پاسەوانی پاشایەتی بووە، لە ڕۆژی ١٤ تەموز لە ڕادەستکردنی کۆشکی ڕەحاب‌و سەرکەوتنی شۆڕشدا هاوکاری شۆرشگێران بووە، دوای شۆڕشی ١٤ تەموز بووە بە فەرماندەی گشتی بەرگری میللی، لە ٩ شوباتی ١٩٦٣ لەگەڵ عەبدولکەریم قاسمدا کوژراوە. (فاروق ابراهیم شریف: الضباط الكورد في الجيش العراقي منذ تاسيسه عام ١٩٢١، ج ٣، ط ١، ٢٠١٨، ص٤٩؛ سەروەر عەبدولڕەحمان عومەر: حزبی شیوعی عیراق‌و مەسەلەی کورد (١٩٣٤-١٩٧٥، چ ١، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩، ل١٩٧).

([٤]) طه البامرني: م. س، ص٤١.

([٥]) عیزەت عەبدولعەزیز: لە ساڵی ١٩١٢ لە شارۆچکەی ئامێدی لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە زێدی خۆی‌و ناوەندی‌و دواناوەندی لە شاری موسڵ تەواوکردووە، لەسەر پشکی کورانی سەرۆك هۆزەکان لە کۆلێژی سەربازیی وەردەگیرێت‌و لە ساڵی ١٩٣٥ بە پلەی مولازمی دووەم لێی دەرچووە، پلەی سەربازیی گەیشتۆتە (ڕەئیس- نەقیب)، پاشان لە کۆلێژی ئەرکان وەردەگیرێت‌و بە پلەی رائید روکنی تۆپچی دەرچووە، ئەندامی حزبی هیوا بووە، پەیوەندی بە شۆڕشی بارزان لە ١٩٤٣-١٩٤٥ کردووەو ئەفسەری پەیوەندی لەنێوان حکومەتی عێراق‌و شۆڕشی بارزان بووە، پاشان پەیوەندی بە کۆماری مەهابادە دەکات‌و لەوێ پلەی سەربازیی بۆ عەقید بەرزدەبێتەوە، پاش ڕووخانی کۆماری مەهاباد لەگەڵ هاورێکانی خۆیان ڕادەستی حکومەت عێراقی کردووە، لە ١٩ حوزەیرانی ١٩٤٧ لەگەڵ سێ هاورێ ئەفسەرەکەی لە سێدارە دراون‌و لە ئامێدی بەخاك سپێردراوە. (فەیسەڵ ڕەسوڵ خۆشناو: بایۆگرافیای ئەفسەرانی کورد، بەشی یەکەم، چ ١، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨، ل١٩٨-١٩٩؛ قانع قادر عوسمان: مێژووی ناودارانی کورد، چ ١، ٢٠١٩، ل٢٠٣-٢٠٤).

([٦]) مستەفا خۆشناو: لە ساڵی ١٩١٢ لە بێتواتە لەدایك بووە، خوێندنی سەرەتایی لە شاری کۆیەو خوێندنی ناوەندی لە هەولێرو پاشان خانەی مامۆستایانی لە شاری بەغداد تەواوکردووە، لە ساڵی ١٩٣٤ چووەتە کۆلێژی سەربازی‌و لە حوزەیرانی ١٩٣٦ بە پلەی ئەفسەر دەرچووەو لە سوپای عێراق دامەزراوە، لە دامەزراندنی حزبی هیوادا ڕۆڵی هەبووە، لە ساڵی ١٩٤٤ بووە بە ئەفسەری پەیوەندی لە ناوچەی بارزان، پاشان پەیوەندی بە شۆڕشی بارزانەوە کردووە، دوای دامەزراندنی کۆماری مەهاباد پەیوەندی پێوە کردووە، پاشان پلەی سەربازیی بووە بە عەقید، دوای ڕووخانی کۆماری مەهاباد خۆی ڕادەستی حکومەتی عێراق کردووەو دادگایی کراوەو لە ١٩ حوزەیرانی ١٩٤٧ لەگەڵ

هێزانەدا بوون کە گەمارۆی بەریتانییەکانیان لە سن زبان (بنکەی حەبانییە)دا، ئەو سێ ئەفسەرە لەژێر فەرمانی (عەقید روکن محەمەد فەهمی سەعید)دا بوون کە ناوبراو یەکێك بوو لە سەرکردەکانی جوڵانەوەی مایس[٢]. هەروەها (رائید روکن عیزەت عەبدولعەزیز و رائید مستەفا خۆشناو) لەو شەڕەی نزیك فەلوجەشدا بەشداربوون، کە (مستەفا خۆشناو یەکێك) بوو لەو بیست‌و سێ ئەفسەرەی لەو شەڕەدا لەلایەن بەریتانیاوە بەدیل گیران[٣]. هەروەك (محەمەد تریحی) کە یەکێك بوو لە ئەفسەرە چالاکەکانی جوڵانەوەی مایس، لە بارەی رۆڵی (میر حاج ئەحمەدە)وە، دەڵێت: "کەم ئەفسەر لەو رۆژگارەدا بەڕادەی میر حاج بە گەرمی هاتۆتە کۆڕی خەباتەوە. میر حاج وەك تۆپچی لەگەڵ ئەو هێزانەدا بەشداربوو کە گەمارۆی هێزەکانی ئینگلیزیان لە (سن زبان)ی نزیك حەبانییەدا"[٤].

دوای شەڕی فەلوجەو بەسەربردنی سێ هەفتە لە فەلەستین‌و ئەردەن، وەسی (عەبدولئیلاھ) لە ٢٢ مایس لەگەڵ ئەو وەزیرانەی لەگەڵی هەڵاتبوون‌و نوێنەری بەریتانیا کولونیل دی گاوای ( G. de. Gauay) بۆ عێراق گەڕایەوە [٥]. پاشان لە ٢٧ مایسی ١٩٤١، هێزەکانی بەریتانیا لە سێ قۆڵەوە بەرەو بەغداد کشان[٦]، لەڕۆژی ٢٩ مایس، دوای بیستنی هەواڵی ئەوەی کە کاروانێکی سەربازیی بە سەرۆکایەتی (کلوب)، فەرماندەی سوپای ئەردەن، هەوڵدەدات لە کەناری رۆژئاوای رووباری دیجلە بۆ کەناری رۆژهەڵات لە نزیك فەحامە بپەڕێتەوە، دڵنیابوون لەوەی هیوای سەرکەوتنیان لاوازە، هەریەك لە (رەشید عالی گەیلانی، محەمەدئەمین حسەینی، لیوا ئەمین زەکی سلێمان، تالب مشتاق،

سێ هاوڕێ ئەفسەرەکەی لە سێدارە دراون. (فەیسەڵ رەسول خۆشناو: م. س، ل٢٢٤-٢٢٥؛ مستەفا خۆشناو، www.kurdipedia.org).

(١) میر حاج ئەحمەد تاهیر ئاکرەیی: لە ساڵی ١٩١١ لە شارۆکەی ئاکرێ لەدایك بووە، خوێندنی ناوەندی لە موسڵ‌و ئامادەیی لە بەغداد تەواو دەکات، لە ساڵی ١٩٣٤ خانەی مامۆستایان تەواو دەکات‌و بە مامۆستای سەرەتایی دادەمەزرێت، پاشان کۆلێژی سەربازیی لە خولی ١٣، لە (١٥ ئەیلولی ١٩٣٦- ٤ تەموزی ١٩٣٧) تەواوکردووە و بە پلەی مولازم دەرچووە، لە ساڵی ١٩٣٩ پلەی بۆ مولازمی یەك بەرزکراوەتەوە، لە هەمان ساڵدا پەیوەندی بە حزبی هیواوە کردووە، لە ساڵی ١٩٤٣ پلەی بۆ (رەئیس- نەقیب) بەرزکراوەتەوە، لەکاتی شۆڕشی بارزان (١٩٤٣-١٩٤٥) بە ئەفسەری پەیوەندی لە ناوچەی ئاکرێ دانراوە، دوای کۆتایی هاتنی شۆڕشی بارزان، چووە بۆ ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پاشان پەیوەندی بە کۆماری کوردستانەوە کردووە، دوای ڕووخانی کۆماری کوردستان لەگەڵ بارزانی پەنایان بۆ یەکێتی سۆڤیەت بردووە، تا دوای شۆڕشی ١٤ تەموزی ١٩٥٨ بۆ عێراق گەڕاونەتەوە، لە ساڵی ١٩٥٩ بە پلەی موقەدەم بۆ ناو سوپای عێراق گەڕاوەتەوە، دوای کودەتای ٨ شوباتی ١٩٦٣ دەستگیرکراوەو لە ١٠ حوزەیرانی ١٩٦٣ رەوانەی خانەنشینی کراوە، پاشان لە ٨ کانوونی یەکەمی ١٩٨٨ کۆچی دوایی کردووە. (جمال بابان: اعلام الكورد، ج ٢، المطبعة روون، السليمانية، ٢٠٠٩، ص٤٩٧-٤٩٩).

(٢) غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني: الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١- ١٩٥٨، ط ١، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٨، ص٨٣.

(٣) کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٧٠.

(٤) وەرگیراوە لە، هـ س، ل١٢٢.

(٥) جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، ص٦٥.

(٦) بۆ زانیاری زیاتر بڕوانە، عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقيه، ج ٥، ص٢٧٩-٢٨٠.

عەلی مەحمود شێخ وەزیری دادو یونس سەبعاوی)، بە ڕێگای جیاواز بەغداد بەجێدەهێڵنو دواجار لەگەڵ چوار سەرکردەکەی سوپا لە خانەقین یەکیانگرتەوەو چوونە ناو خاکی ئێرانەوەو وەك پەنابەری سیاسی وەرگیران[١].

ئەگەرچی لە سەرەتای کۆبوونەکەدا (سەلاحەددین سەباغ) پێیوابوو کە هیچ دەرچەیەك لە بەردەمیاندا نەماوە جگە لەوەی واز لە جەنگ بێننو بۆ ئێران پاشەکشە بکەن، بەڵام (فەهمی سەعید) لەگەڵ ئەو بۆچوونەدا نەبوو، ئاماژەی بەوە کرد بۆ کوێو بۆچی هەڵبێین، ئێمە نێوەندگیری تورکیامان لەدەستدا، بەڵکو جەختی لەسەر ئەوە کردەوە لەبری پاشەکشە بۆ ئێران، بەرەو بەعقوبە بکشێنەوەو پاشان خۆیان لەناوچە شاخاوییەکان قایم بکەن، لە ناوچەی باکور لە هێڵی کەرکوك-موسڵ شەڕو بەرگری بکەن، لە پێناو گەیشتن بە ئاشتەواییەکی شکۆمەندانە، سەرجەم ئەندامانی ئەنجومەنی باڵای بەرگریو ئامادەبووانی کۆبونەوەکە رازی بوون[٢]. شایانی باسە بوونی ڕێکەوتنی پێشتری (فەهمی سەعید) لەگەڵ (شێخ مەحمود) لەلایەك[٣]و ئازایەتی خەڵکی کوردستانو لایەنگرییان بۆ جوڵانەوەکە دژی بەریتانیا لەلایەکی تر، لەو هۆکارانە بوون کە پێیانوابوو لە بەردەوامبوونیان لە بەرگریکردن یارمەتیدەر دەبێت. پەیوەندی نێوان (ڕەشید عالی گەیلانی)و کورد بەگشتی باش بوو، لەکاروباری بەڕێوەبردندا پشتی بە کورد دەبەست، بەجۆرێك لەسەردەمی ئەودا زۆربەی موتەسەریفەکان کورد بوون، بەتایبەتی لە ناوچەکانی باشور پشتی پێدەبەستن، وێرای بوونی ژمارەیەکی زۆر لە ئەفسەرانی کورد لەناو ریزەکانی سوپاو پۆلیس[٤]. بەڵام دواجار دۆخەکە بەو ئاراستەیە بوو کە نەتوانرا بەرەو کوردستان پاشەکشە بکەنو بە ناچاری پەنایان بۆ ئێران برد[٥]، بەو شێوەیە زیاتر لە ١٢٠ کەس زۆرینەیان لە کاربەدەستانی حکومەتو ئەفسەران بوون لەماوەی پێنج ڕۆژی یەکەمی حوزەیرانی ١٩٤١ لەسنور بەرەو ئێران پەڕینەوە[٦].

دوای شکستی جوڵانەوەی مایس، لە پاشنیوەڕۆی ٣٠ مایسی ١٩٤١ بروسکەیەکی جفرە لە بارەگای گشتیەوە گەیشتە بەسرە، هەستیانکرد کە سەرکردەی جوڵانەوەی مایسو فەرماندەکانی سوپا بۆ ئێران هەڵهاتوون، لەبەرئەوە ڕەشید جەودەت پەنای بۆ ئێران برد[٧]، (ڕەشید جەودەت) دەڵێت: "ئەوان لە سێدارەم دەدەنو من بە بەرپرسیار دەزانن لە هەڵوێستی حامیەی بەسرە لە ڕۆژی ٤ نیسانو گوێڕایەڵی نەکردنم بۆ فەرمانەکانی وەسی بە پێشڕەوی کردن بەرەو بەغداد بۆ لێدانی ئەفسەرە

(١) طالب مشتاق: أوراق أيامي، ج ١، ط ٢، الدار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩، ص٤٠٥-٤١٠.

(٢) عثمان كمال حداد: حركة رشيد عالي الكيلاني سنة ١٩٤١، المطبعة العصرية، صيدا، ص١٢٤-١٢٥؛ نضر علي أمين الشريف: م. س، ص٤٥٠-٤٥١.

(٣) نضر علي أمين الشريف: م. س، ص٤٥١.

(٤) نجم الدين السهروردي: م. س، ص١٢٥.

(٥) عثمان كمال حداد: م. س، ص١٢٥-١٢٦؛ نجم الدين السهروردي: م. س، ص١٢٥.

(٦) نجم الدين السهروردي: م. س، ص١٢٥.

(٧) زينب كاظم احمد: م. س، ص١٦٠-١٦١؛ مذكرات عامر حسك الإمارة: ص٢٣٥.

یاخیبووەکان"[١].

کاتێك دەنگۆی ئەوە بڵابووەوە کە سەرۆك وەزیرانو سەرکردەکانی سوپا پەنایان بۆ ئێران بردووە، گەورە ئەفسەرانی سوپا لە بەغداد جەنگیان ڕاگرت و لەگەڵ سوپای بەریتانیادا چوونە دانوستاندنەوە بۆ بەستنی ئاگربەست، بە مەرجێك بەندەکانی لە شکۆی سوپای عێراقی نەداتو زیاتر لەوەی لە پەیماننامەی عێراقی بەریتانی ساڵی ١٩٣٠دا هاتووە لە عێراق داوا نەکات[٢].

بەر لە هەڵاتنی سەرانی جوڵانەوەی مایس، لە ٢٨ مایس لەسەر داوای سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپا، (ڕەشید عالی گەیلانی) ڕەزامەندی لەسەر پێکهێنانی لیژنەی ئاسایشی ناوخۆ نواند، بە سەرۆکایەتی (ئەرشەد ئەلعومەری) ئەمینداری پایتەخت و ئەندامێتی هەریەك لە (حوسامەدین جومعە) بەڕێوەبەری گشتی پۆلیس، (خالید زەهاوی) موتەسەریفی بەغداد و (زەعیم روکن حەمید نەسرەت) نوێنەری وەزارەتی بەرگری، کە ئەرکەکەی بریتی بوو لە دانانی پلانێك بۆ پاراستنی سەلامەتی هاووڵاتیانو ماڵو سامانیانو ڕێکخستنی ژیانیان، لە حاڵەتی کشانەوە لە بەغدادی پایتەخت، لیژنەی ناوبراو لە ٣٠ مایس دەستبەکاربوو[٣]. هەروەها دوای هەڵاتنی سەرانی جوڵانەوەی مایس، (تەها هاشمی)، (نورەدین مەحمود)ی هاندا جڵەوی بەڕێوەبردنی سوپا بگرێتە دەستو هەوڵ بۆ کۆکردنەوەی سوپا بەمەبەستی بەرگریو پاراستنی ئاسایش بدات[٤]. لیژنەی ئاسایشی ناوخۆ لە ٣١ مایس بە دەرکردنی بەیاننامەیەك گەلی عێراقی لەڕاستی بارودۆخی وڵات ئاگادارکردەوە، تیایدا رایگەیاند کە (شەریف شەرەفو رەشید عالی گەیلانیو عەلی مەحمود شێخ عەلیو ئەمین زەکی)وعەقیدەکان (سەڵاحەددین سەباغو کامل شبیبو فەهمی سەعیدو مەحمود سلێمان)و ئەوانی تر لەسنوری عێراق بۆ ئێران پەڕیونەتەوە، هەروەها (یونس سەبعاویش) شوێنیان کەوتووە. بەیانەکە ڕونیکردەوە کە (ئەرشەد ئەلعومەری) پەیوەندی بە کەسانی خاوەن راو بۆچوونی وڵات دەکاتو (عەقید روکن نورەدین مەحمود) بەڕێوەبەری بزاوتن کۆبوونەوەی بە پاشماوەی سەرکردەکانی سوپا کردووە بۆ ڕێکەوتن لەسەر دۆخەکە، بەیاننامەکە بە ووتەی: "ئامانجی هەمووان مسۆگەرکردنی گەڕانەوەی ژیانی دەستووریو پارێزگاریکردن لە شەرەفی شانشینەکەو سەروەری تەواوەتیو دەستنەبردن بۆ سەربەخۆییو کیانەکەیەتیو هەوڵەکان بۆ کۆتاییهێنان بەشەڕ دەدرێن" کۆتایی هات[٥].

لیژنەکە دەستوبرد پەیوەندییە پێویستەکانی لەپێناو راگرتنی شەڕەکە ئەنجامدا، بۆ ئەو مەبەستە نورەدین مەحمود بەڕێوەبەری بزاوتنی سەربازی پەیوەندی کرد بە باڵیۆزی بەریتانیا لە پێناو دانانی مەرجەکانی ئاگربەستێکی شکۆدار کە کەرامەتی سوپای عێراقیو وڵاتو سەربەخۆییەکەی بپارێزێت،

---

(١) وەرگیراوە لە، مذكرات الطريحي: ص٢٢٢.

(٢) م. ن، ص٢٢٢.

(٣) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٤٠٣، ٤٠٥؛ جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، ص٦٣؛ عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج ٥، ص٢٨٠.

(٤) مذكرات طه الهاشمي: ج ١، ص٤٥٣.

(٥) جعفر عباس حميدي: التطورات السياسية في العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، ص٦٤.

بەڵام لایەنی بەریتانی خۆبەدەستەوەدانی تەواوی بێ هیچ کۆتو مەرجێکو گەڕانەوەی هێزە سەربازییەکان بۆ سەربازگەکانی پێشوویانو ڕادەستکردنی سەرجەم چەکە ئیتاڵیو ئەڵمانییەکانی دەویست[1].

لە کاتژمێر (٤:٠٠)ی بەرەبەیانی ڕۆژی ٣١ مایس لەلای پردی خر کۆبوونەوەی نێوان هەردوو لایەنی عێراقو بەریتانی گرێدرا، لەلایەنی عێراقی ئەندامانی ئەنجومەنی ئاسایشی ناوخۆو نوێنەرانی سوپای عێراقی بەسەرکردایەتی (زەعیم عەبدولحەمید نەسرەت) لەگەڵ (عەقید روکن نورەدین مەحمود)و چەند ئەفسەرێکی تر ئامادە بوون، لەلایەنی بەریتانیش فەرماندەی گشتی هێزە وشکانییەکانی بەریتانیا لە عێراقو فەرماندەی بنکەی ئاسمانی حەبانییەو چەند ئەفسەرێکی روکن، لەگەڵ باڵیۆزی بەریتانیا لە عێراق سیر کینهان کورنوالیس ئامادەی کۆبوونەوەکە بوون. ئەفسەرانی عێراقی سوربوون لەسەر پێویستی هێشتنەوەی سوپا بە تەواوی چەكو کەلوپەلەکانییەوە، بە فەرماندەیی عێراقییەکان بۆ سەربازگە هەمیشەییەکانیان بگەڕێنەوەو ئینگلیز دەست لە جوڵەکانیان وەرنەدات، هەروەها پێداگربوون لەسەر پێویستی ئاڵوگۆڕکردنی دیلەکانی هەردوولا، پاشان دانوستاندن لەسەر ئاستی سیاسی لەنێوان بەریتانیاو ئیدارەی مەدەنی عێراق بەردەوامبێت، هەردوولا لەسەر ئەو بنەمایانە گەیشتنە ڕێکەوتنو بڕیاردرا لە کاتژمێر (٨:٠٠)ی هەمان ڕۆژدا ئاگربەست بچێتە بورای جێبەجێ کردنەوە[2]. بەو شێوەیە لە پشتی سوپای بەریتانیاو سوپاکەی (غلوب پاشا)، وەسی (عەبدولئیلاه) بۆ بەغداد گەڕایەوە[3]، لە کاتژمێر دەی بەیانی ڕۆژی ١ حوزەیرانی ١٩٤١ (عەبدولئیلاه) چووە ناو بەغدادەوەو لەگەڵ گەیشتنی چوو بۆ کۆشکی زهوری پاشایەتیو هەریەك لە (نوری سەعیدو عەلی جەودەت ئەیوبیو داود حەیدەری) یاوەری بوون[4].

دوای ئەوەی گرتووخانەی فاو پڕبوو لە دەستگیرکراوان کە ژمارەیان لەوێ لە ٧٥٠ بەندکراو زیاتر بوو، هاوکات سەرکردەکانی شۆڕش بە غیابی حوکم درانو سزای لە سێدارەدانی (ڕەشید عالی گەیلانیو یونس سەبعاویو سەڵاحەددین سەباغو فەرهمی سەعیدو محمود سلیمان) دەرکرا[5]. کاتێك لە حوزەیرانی ١٩٤١ لەلایەن هێزەکانی بەریتانیاو رووسیاوە بێلایەنی ئێران پێشێلکرا، دەسەڵاتدارانی ئێران بەشێك لەو دەستگیرکراوانەی ڕادەستی دەسەڵاتی سەربازیی بەریتانیا کرد، بەشەکەی دیکەیان پەنایان بردە بەر تورکیاو پاشان ئەوروپا، دوای ئەوەی دەستگیرکراوەکان بۆ عێراق هێنرانەوە، لەلایەن ئەنجومەنی عورفییەوە دادگایی کرانو هەندێکیان سزای لە سێدارەدانو ئەوانی تر بە زیندانیکردن سزادران، لە ٤ ئایاری ١٩٤٢ ئەنجومەنی ناوبراو سزای لە سێدارەدانی بۆ هەریەك لە (عەقید محەمەد فەهمی سەعید، عەقید مەحمود سەلمانو محەمەد یونس سەبعاوی) دەرکردو لە

---

(١) م. ن، ص٦٤.

(٢) علاءالدين حسين مكي خماس: م. س، ص١٧٥.

(٣) أبو خلدون ساطع الحصري: س. پ، ص٥٩٨؛ طارق الناصري: عبدالاله الوصي ...، ج ١، ص٢٨١.

(٤) طارق الناصري: عبدالاله الوصي على عرش العراق (١٩٣٩- ١٩٥٨) حياته ودوره السياسي، ج ٢، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠، ص٢٨١.

(٥) جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق المعاصر، ص١٧٨.

بەرەبەیانی ٥ ئایاردا حوكمەكەیان بەسەردا جێبەجێكرا، هەروەك (عەلی مەحمود شێخ عەلی) بە زیندانی بۆ ماوەی حەوت ساڵو سەرۆك ئەركانی سوپا (فەریق ئەمین زەكی سلێمان) بە زیندانی بۆ ماوەی پێنج ساڵ حوكم دران[١].

لەبەرئەوەی سەرۆك ئەركانی سوپا بە وەكالەت (فەریق روكن ئەمین زەكی سلێمان)، یەكێك بوو لەو سەركردەو گەورە ئەفسەرانەی كورد لەناو دامەزراوەی سەربازیی‌و سوپای عێراقدا بەشێوەیەكی پیشەیی هەڵكەوتنو دەركەوتن، كە لەماوەی ئەم جوڵانەوەیەدا دژی بەریتانییەكان رۆڵیان بینی، رۆڵی ناوبراو لە رووداوە هەرە گرنگەكانی جوڵانەوەی مایسدا زۆر گەورەو دیارە، بە رادەیەك ناوی پەیوەست بوو بەم جوڵانەوەیەوە، دەتوانرێ بە یەكێك لە رابەرەكانی مایس لە قەڵەم بدرێت[٢]. پاشان لە ١٦ ئابی ١٩٤٤ (كامل شبیب) سزای لە سێدارەدانی بەسەردا دراو جێبەجێكرا، هەروەها (سەڵاحەدین سەباغ) لە ئەیلولی ١٩٤٥ لەلایەن توركیاوە رادەستی عێراق كرایەوەو لە ١٦ تشرینی یەكەمی ١٩٤٥ لەسێدارەدرا[٣]. (رەشید جەودەت)یش دوای ماوەیەك مانەوەی لە ئێران، لە ١٣ تەموزی ١٩٤١ بۆ عێراق گەڕایەوەو دەستگیركراو رادەستی فەرماندەی حامیەی بەسرە كراو لە رۆژی دواتردا نێردرا بۆ بەغداد بۆ ئەنجومەنی لیكۆڵینەوە[٤]. بەڵام دوای ئەوەی جەودەت پەنای بۆ ئێران برد، (ماجد مستەفا) لەلای (جەمیل مەدفەعی) بۆ لێخۆشبوون لە (رەشید جەودەت) نێوەندگیری كرد، تاوەكو رێگەی پێبدرێت بۆ عێراق بگەڕێتەوە، دوای گەڕانەوەی بەپێی دیسپلینە سەربازییەكان، بۆ دادگاییكردنی لەسەر رووداوەكانی ٤ نیسانی ١٩٤١ لە بەسرە رەوانەی ئەنجومەنی لێكۆڵینەوەو دادگای سەربازیی تایبەت كرا، بەڵام وەزیری بەرگری (نەزیف شاوی) فەرمانی رێگری لە دادگاییكردنی دەركردو ئازاد كراو بە فەرماندەی لیوای نۆی پیادە دانرا[٥].

لە رۆژی ٧ نیسانی ١٩٤١ (رائید روكن محەمەد تریحی) راپۆرتێكی وردی لەسەر رۆشتنی خۆیو مەحمود درە بۆ بەسرە نوسی، كە "... بەرێكەوتن لەگەڵ حامیو موتەسەریفی لیواكە رێوشوێنی دەستگیركردنی وەسیمان گرتەبەر ..."[٦]. كاتێك دوای حكومەتی (جەمیل مەدفەعی)، (نوری سەعید) حكومەتی شەشەمی پێكهێنا (٩ تشرینی یەكەمی ١٩٤١- ٤ تشرینی یەكەمی ١٩٤٣)، لەسەر ئەو راپۆرتە رێوشوێنیان بەرامبەر چەند ئەفسەرێك گرتەبەر لەنێویاندا فەرمان بە راگرتنی (رەشید جەودەت)و سێ هاوبەشەكەی دەرچوو، (رەئیسی یەكەم محەمەد حەسەن تریحی)و رەئیسی

---

(١) عبدارزاق الحسني: الحرب العراقية البريطانيه في مايس ١٩٤١، مجلة افاق عربية، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، العدد٩، السنة التاسعة، مايس ١٩٨٤، ص١٥؛ عبدارزاق الحسني: أحداث عاصرتها، ج ١، الطبعه الثانية، دار الرافدين، بيروت، ٢٠١٤، ص٢٦٣.

(٢) غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني: م. س، ص٨٢-٨٣؛ كەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٦-١٢٧.

(٣) عبدارزاق الحسني: الحرب العراقية البريطانية في مايس ١٩٤١، ص١٥؛ عبدارزاق الحسني: أحداث عاصرتها، ص٢٦٣-٢٦٤.

(٤) زينب كاظم احمد: م. س، ص١٦٠-١٦١.

(٥) م. ن، ص١٦١؛ مذكرات الطريحي: ص٢٢٣.

(٦) وەرگیراوە لە، محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية، ص٢٢٠.

یەکەمی روکن مەحمود حەسەن درەو عەمار حسك ئیمارە)، هاوکاری (عەقید رەشید جەودەت)و بە فەرمانی ئەو لە رۆژی ٤ نیسانی ١٩٤١ هەوڵی دەستگیرکردنی وەسی (عەبدولئیلاه) یان لەبەسرە داوە، بەڵام (عەقید رەشید جەودەت) بەهۆی وەزیری بەرگری پێشوو، فەرمانی راگرتنی دادگاییەکەی دراو ئازادکرا، بەڵام سێ ئەفسەرە هاوکارەکەی دادگاییکران[1].

بێگومان رۆڵی ئەفسەرانی کورد لە هەمووان زیاتر لە هەڵوێستی (رەشید جەودەت)دا خۆی دەنوێنێت، ناوبراو نیشتمانپەروەرێکی دڵسۆز بوو[2]. یەکێك لە کارە گرنگەکانی دیکەی (رەشید جەودەت) وەك کەسی یەکەمی سەربازی لە بەسرە، سەرجەم بروسکەو فەرمانەکانی کە لە بەغدادەوە پێي گەیشتووە، جێبەجێی کردووە، بۆ نموونە وك دەستگیرگرتنی (ساڵح جەبری) موتەسەریفی بەسرە، کە لەگەڵ نەیارانی جوڵانەوەی مایس بوو، هەر ئەوەندە لە بەغدادەوە بروسکەی بۆ هات (ساڵح جەبری) پەلبەستکردو بە دەستبەسەری بۆ بەغدادی نارد[3]، وەك (تریحی) دەڵێت لە کاتی داواکاریی وەسی بۆ یاخیبوون، پێیوتووە "من وەك ئەفسەرێك ناچارم تەنها فەرمان لە بەغدادی پایتەختەوە وەربگرم"[4].

ئەگەرچی وەسی (عەبدولئیلاه) وای دانابوو لەکاتی پەنا بردنی بۆ بەسرە دەتوانێت (رەشید جەودەت) بەلای خۆیدا ڕابکێشێت بەوپێیەی دوژمنی چوار عەقیدە فەرماندەکەیە[5]. بەڵام (عەقید رەشید جەودەت) فەرماندەی حامیەی بەسرە، رۆڵێکی کارای هەبوو لە هەڵوەشاندنەوەی هەوڵی وەسی عەبدولئیلا بۆ ئامادەکردنی رای گشتی دژی حکومەتی گەیلانی دوای چوونی بۆ بەسرە[6]. شایانی باسە (رەشید جەودەت) تا دوا رۆژانی جوڵانەوەی مایس دەستی هەڵنەگرتو لە ریزی پێشەوەی جوڵانەوەکە دژی بەریتانیا و نەیارانی جوڵانەوەکە بەردەوامبوو، سەبارەت بە رۆڵی (رەشید جەودەت) لە جوڵانەوەی مایسدا، لە دیمانەیەکی لەگەڵ (دکتۆر کەمال مەزهەر)دا، (عەبدولڕەزاق ئەلحەسەنی) دەڵێت: "رەشید جەودەت نەبوایە لە یەکەم رۆژەوە دوژمن زەفەری بە راپەڕینی مایس دەبردو لەناوی دەبرد"[7]. هەرچی (تریحی)یە دەڵێت: "رەشید جەودەت بێ ئەندازە پیاوێکی ساغڵەم و راستگۆو دڵسۆزو قسە لەڕووبوو، ئەو سیفەتانەی ژمارەیەك ناحەزیان بۆ دروستکردبوو، پێی ناوێ ناویان بێنم، بەڵام هەمیشە بۆیان تێدەچاند"[8].

هەروەك لە بەشێکی ئەو راپۆرتە تایبەتەی (تریحی) پێشکەشی (سەڵاحەددین سەباغ)ی کرد دەڵێت: "پێگەی بەسرە لەم هەلومەرجەدا زۆر گرنگە، ئینگلیزو وەسیو داردەستەکەی هەوڵیاندا

(١) م. ن، ص٢٢٠-٢٢١؛ مذكرات عامر حسك الإمارة: ص٢٣٨-٢٣٩.

(٢) کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٢.

(٣) هـ س، ل١٢٦؛ مذكرات فؤاد عارف، الطبعة الأولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٩، ص١٠٧.

(٤) وەرگیراوە لە، کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٣-١٢٤.

(٥) مذكرات الطريحي: ص١٦١.

(٦) غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني: م. س، ص٨٣.

(٧) کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٦.

(٨) وەرگیراوە لە، هـ س، ل١٢٤.

حکومەتێك لە بەسرە پێکبهێنن، بەڵام بەهۆی هەڵوێستی مەردانەی حامیەی بەسرەو ئەو رێوشوێنانەی گیرانەبەر بێئومێد بوون"[١]. هاوکات (تریحی) لە بەشێکی تری راپۆرتەکەیدا جەختی لەسەر ئەوە کردبووەوە، ئەگەر (عەقید رەشید جەودەت) فەرماندەی حامیەی بەسرەو (ماجد مستەفا) موتەسەریفی عەمارەو (عەقید فایەق کاکە ئەمین) فەرماندەی حامیەی ناسریە کە کوردنو (ماجد مستەفا) کە نزیکی (رەشید جەودەت)ە هاوکاری بکەن، وەسی دەتوانێت دەست بەسەر ناوچەی باشوردا بگرێت کە هێزێکی گەورەی سەربازیی تیادا جێگیرکراوە[٢].

(عەقید فایەق کاکە ئەمین) یەکێکی دیکەیە لە فەرماندە سەربازییەکانی کورد، کە لە کاتی جوڵانەوەی مایسدا، فەرماندەی لیوای پیادەو حامیەی ناسریە بوو، نازناوی (هیتلەری کوردستان)ی لە خۆی نابوو، بەشدارو زۆر هاوکاری سەرانی جوڵانەوەی مایس بوو[٣]، دیارە مەبەستی (فایەق کاکە ئەمین) لەو نازناوەی ئەوە بوو گوایە بە ئەندازەی (هیتلەر) رقی لە ئینگلیزە[٤]. لە هەمان ساڵی ١٩٤١ دوای دامرکاندنەوەی جوڵانەوەی مایس لەبەر هەڵوێستە نیشتمانییەکانی دژی ئینگلیز خانەنشین کراوە[٥]. هەروەها بەهەمان شێوەی (ماجد مستەفا)، (فایەق کاکەمین)یش لەکاتی پەنابردنی وەسی بۆ بەسرە، زیاتر (رەشید جەودەت)ی هاندا، بەڵکو بە گەرمی داوای لێکرد وەسی بگرێت، یەکێك لەو شایەتانەی دوای سەرکوتکردنی جوڵانەوەی مایس بۆ دادگاییکردنی (رەشید جەودەت) هێنابوویان، لە فەرمانگەی پۆستەی بەسرە بەرپرسی تەلەفۆن بوو، وتوویەتی: "هەموو جارێك کە فایەقی کاکەمین قسەی لەگەڵ ڕەشید جەودەت دەکرد بە کوردی پێیدەوت، "کوڕە بیگرە" بێ ئەوەی کابرا بزانێ ئەو قسەیە مانای چییە"[٦].

(فوئاد عارف)یش کە لە دەمی هەڵگیرسانی جوڵانەوەی مایسدا لە لیوای دوو لە سەربازگەی موسەییەب یاریدەدەری فەوج بووە، بۆ هەماهەنگیو هاوکاری جوڵانەوەی مایس، لیواکەیان بۆ بەسرە چووەو لە شوعەیبە جێگیربوون، تا دوای دابەزینی هێزەکانی بەریتانیاو لەبەر نابەرابەری هێزە عێراقییەکان لە بەرامبەر هێزەکانی بەریتانیا، بۆ ئەوەی کاریگەری لەسەر ورەی سەربازەکان دانەنێت، لەسەر داوای (عەقید رەشید جەودەت) بۆ موسەییەب دەگەڕێنەوە[٧]. وەك دەردەکەوێت ئەفسەرانی کورد بە دڵو بە گیان هاتوونەتە مەیدان، هەروەك لیوای خانەنشین (فوئاد عارف)، بە شانازییەوە دەڵێت: "لەو رۆژە ناسکەدا هیچ کام لە ئەفسەرانی کورد نە شەڕگەیان بەجێهێشتو نە لەژێرەوە پەیوەندییان لەگەڵ ئینگلیزو فەرمانڕەوایانی پێشووی وڵاتدا دامەزراند"[٨].

(١) وەرگیراوە لە، عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، ج ٥، ص٢٣٣.
(٢) مذكرات الطريحي: ص١٦١.
(٣) کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٢؛ غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني: م. س، ص٨٣.
(٤) کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٢.
(٥) مذكرات علي كمال عبدالرحمن ١٩٠٠-١٩٩٨، شركة الخنساء للطباعة المحدودة، بغداد، ٢٠٠١، ص٦٢.
(٦) وەرگیراوە لە، کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٥.
(٧) مذكرات فؤاد عارف، ص١٠٧.
(٨) وەرگیراوە لە کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢٢.

بێگومان لەسەر ئاستی جەماوەریش تەواوی گەلی عێراق بە عەرەب‌و کوردەوە لەگەڵ جوڵانەوەکەدا بوون، لە پێناویدا ئامادەبوون بە هەموو جۆرێك بە ماڵو گیانیان قوربانی بدەن، کە ئەوەش لوتکەی ئاڵنگاری بوو دژی بەریتانیا[١]. لەو رووەشەوە هەڵوێستی کورد جگە لەسەر ئاستی سەربازی، لە مەیدانی جوڵانەوەی جەماوەریشدا بە ڕوونی دیاربوو، کە یەکێك لە روونا‌کبیرەکانی ئەو دەمە بە دڵنیاییەوە ئاماژە بەوە دەکات کە هەستی لە سەدا نەوەدی کورد لەگەڵ ئەڵمانیادا بوو[٢]. بەوەش هەڵوێستی ئەفسەرو سەربازانی کورد ڕەنگدانەوەی هەڵوێستی زۆرینەی خەڵك‌و جەماوەی کوردستان بووەو ئاوێتەو یەکانگیری یەکتر بوون.

ئەگەرچی دوای شکستی جوڵانەوەی ١٩٤١، بەریتانیا خواستی بوو بەتەواوی سوپای عێراق هەڵبوەشێنێتەوە، بەڵام ئەوەش کارێکی ئاسان نەبوو، لەبەرئەوە رێگایەکی تریان گرتەبەر، ئەوەبوو پەیکەری سوپایان هێشتەوە، بەڵام کاریان لەسەر داماڵینی سوپا لە بنەما سەرەکییەکانی کرد، بە پاکتاوکردنی سوپا لە رەگەزە نیشتمانیەکانو بەرهەڵستکارەکانی بەریتانیا، سوپایان لە سەرکردایەتی بەتواناو گیانی شەڕکردنو هۆکارە مادییەکانی پێوستی بوو بۆ چوونە ناو شەڕی نیزامی داماڵی[٣]. هەموو ئەوانەش لە چوارچێوەی گرتنەبەری سیاسەتێکی نوێ بەمەبەستی دووبارە رێکخستنەوەی دامەزراوەی سەربازیی بوو، دوورخستنەوەی رەگەزە نیشتیمانیو نەتەوەییەکان لە ئەفسەرانی سوپای عێراقی، بەتایبەتی ئەوانەی لەلایەن بەریتانیاوە تۆمەتباربوون بە برەودان بە بیرۆکەی نازی، ئەو رێوشوێنە فەرماندەی فیرقەو لیواکانیشی گرتەوەو سەرجەم ئەفسەرە نەیارەکان رەوانەی خانەنشینی کران، بەتایبەتی ئەوانەی لایەنگری سیاسەتی (رەشید عالی گەیلانی) بوون، وێرای رەوانەکردنی هەندێکیان بۆ دادگای سەربازیی، ژمارەی ئەو ئەفسەرانەی لەو دەمەدا رەوانەی خانەنشینی کرانو لە ریزەکانی سوپا دەرکران گەیشتە (٤١١) ئەفسەر، (٩٠) ئەفسەر پەنایان بۆ ئێرانو (٤٣) ئەفسەر پەنایان بۆ سوریا بردو یەك ئەفسەریش پەنای بۆ تورکیا برد[٤].

بەگشتی لە ماوەی حەوت ساڵی دوای جوڵانەوەی مایس (١٩٤١-١٩٤٨)، ٢٨٧٩ ئەفسەر لە سوپا دەرکران، کە نزیکەی نیوەیان خزمەتی خانەنشینیان تەواو نەکردبوو، زۆرینەیان ئەفسەری لاو بوون، کە لەنێو هەموو ئەوانەی لە سوپا دوورخرانەوە چەندین فەرماندەو ئەفسەریان تێدا بوو کە بڕبڕەی سوپایان پێکدەهێنا[٥]. لەبەرئەوە کاتێك سوپای عێراق بۆ بەشدرای لە شەڕی فەلەستین رەوانەکرا، بەراورد بە رابردوو لەرووی چەندێتیو چۆنییەتییەوە لاواز بوو بوو.

---

(١) مذكرات فؤاد عارف، ص١٠٧.

(٢) کەمال مەزهەر: س. پ، ل١٢١.

(٣) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٤٢٠.

(٤) وليد محمد سعيد الاعظمى: أنتفاضة رشيد عالي الكيلاني والحرب العراقية- البريطانية ١٩٤١، الدار العربية، بغداد، ١٩٨٧، ص١٢٨-١٢٩.

(٥) محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، ص٤٢٠.

## ئەنجام:

لە کۆتایی توێژینەوەکەدا گەیشتینە ئەم ئەنجامانەی خوارەوە:

١. جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١ زادەی ئەو بارودۆخەی جیهان بوو، لە میانەی جەنگی دووەمی جیهانیدا، کە ڕەنگدانەوەی لەسەر دابەشبوونی عێراق بەسەر وڵاتانی هەردوو بەرەی بەشەڕهاتووهەبوو، بەجۆرێك لەوکاتەدا عێراق لەرێگەی پەیماننامەی ساڵی ١٩٣٠ بە بەریتانیاوە بەسترابووە، هاوکات دەسەڵاتدارانی باڵای سیاسی عێراق لایەنگری بەریتانیاو هەندێکی تر لە نوخبەی سیاسی وڵات و سوپاو ئەفسەرە نیشتمانییەکانی ناو سوپا بەگشتی دژی بەریتانیاو مەیلیان بەلای ئەڵمانیای نازیدا بوو،

٢. ئەفسەرانی کورد ڕۆڵی دیارو بەرجەستەیان لە شەڕو ڕووبەڕووبوونەکانی سوپای عێراق دژی هێزەکانی بەریتانیا لە میانەی جوڵانەوەی مایسدا هەبوو، لە سەرجەم شوێنگەو مەیدانەکانی شەڕو ناوەندەکانی بڕیاری سەربازییو تەنانەت سیاسیشدا.

٣. ئەفسەرانی کورد ڕۆڵی گەورەیان لە پاراستنی یەکڕیزی سوپاو پوچەڵکردنەوەی هەوڵی وەسی بۆ دابەشکردنی سوپا لەناو خۆیداو هەڵگیرسانی شەڕ لەنێو یەکەکانی سوپادا دژ بە یەکتر هەبوو، هەروەها هەوڵەکانی وەسی بۆ پێکهێنانی حکومەت لە بەسرە شکست پێهێنا.

٤. چەندین کەسایەتی سەربازیی کورد لە میانی جوڵانەوەی مایسی ١٩٤١دا لە ناو سوپای عێراقدا پێگەو پۆستی باڵای سەربازییان لە ئەستۆدا بوو، هاوکات توانیان لە سەرەتاوە تاوەکو کۆتایی جوڵانەوەکە ڕۆڵ و کاریگەری گەورەو گرنگیان لە سەرکردایەتی کردنی جوڵانەوەکەدا هەبێت، بەجۆرێك ناوی هەندێکیان ڕاستەوخۆ بە جوڵانەوەی ناوبراوەوە پەیوەست بووە.

٥. (فەریق ئەمین زەکی سلێمان) سەرۆك ئەرکانی سوپا بە وەکالەت، (عەقید ڕەشید جەودەت) فەرماندەی حامیەی بەسرە، (عەقید محەمەد فەهمی سەعید)و (عەقید فایەق کاکە ئەمین) فەرماندەی حامیەی ناسریە، لە نموونەی ئەو ئەفسەرە کوردانەن کە ڕۆڵی دیارو پڕ بایەخیان لە جوڵانەوەی مایسدا هەبووە.

## لیستی سەرچاوەکان:

یەکەم/ چاپکراوە حکومییەکان:

١. حكومة الدفاع الوطني عام ١٩٤١: الكتاب الابيض، اعداد وتقديم نجم الدين السهروردي، الطبعة الاولى، مطابع دار الزمان، بغداد، ١٩٦٦.

دووەم/ کتێب

أ. کوردییەکان:

٢. ئەکرەمی ساڵحی ڕەشە: شاری سلێمانی، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕەهەند، ٢٠١٥.

٣. سەروەر عەبدولرەحمان عومەر: حزبی شیوعی عیراقو مەسەلەی کورد (١٩٣٤- ١٩٧٥، چاپی

یەکەم، چاپخانەی کارۆ، سلێمانی، ٢٠١٩.
٤. فەیسەڵ ڕەسوڵ خۆشناو: بایۆگرافیای ئەفسەرانی کورد، بەشی یەکەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٨.
٥. قانع قادر عوسمان: مێژووی ناودارانی کورد، چاپی یەکەم، ٢٠١٩.
٦. کەمال مەزهەر: چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد، بەرگی دووەم، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠١.

ب. عەرەبییەکان
٧. ابراهيم الراوي: من الثورة العربية الكبرى الى العراق الحديث، الطبعة الثانية، مطبعة دار الكتب، بيروت، ١٩٧٨.
٨. ابراهيم خليل أحمد و جعفر عباس حميدى: تأريخ العراق المعاصر، الطبعة الأولى، المؤسسة اللبنانية للكتاب الأكاديمي، بيروت، ٢٠١٤.
٩. أبو خلدون ساطع الحصري: مذكراتي في العراق ١٩٢٧-١٩٤١، الجزء الثاني، الطبعة الأولى، دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٨.
١٠. احسان عبدالهادى النائب: فريتز غروبا و دوره السياسى فى العراق (١٩٣٢-١٩٤١)، مركز كردستان للدراسات الاستراتيجيه، السليمانيه، ٢٠٠٨.
١١. تشارلز تريب: صفحات من تاريخ العراق، الطبعة الاولى، الدار العربية للعلوم، بيروت، ٢٠٠٦.
١٢. جرالد دي غوري: ثلاثة ملوك في بغداد، ترجمهة وتعليق، سليم طه التكريتي، الطبعة الثانية، مكتبة النهضة العربيهة، بغداد، ١٩٩٠.
١٣. جعفر عباس حميدى: التطورات السياسية فى العراق ١٩٤١- ١٩٥٣، مطبعة النعمان، نجف الاشرف، ١٩٧٦.
١٤. جعفر عباس حميدي: تاريخ العراق المعاصر ١٩١٤- ١٩٦٨، الطبعة الثانية، دار ومكتبة عدنان للطباعة والنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠١٥.
١٥. جمال بابان: اعلام الكورد، الجزء الثاني، المطبعة روون، السليمانية، ٢٠٠٩.
١٦. جمال بابان: أعلام كرد العراق، الجزء الأول، مطبعة شڤان، سليمانية، ٢٠٠٦.
١٧. حامد الحمداني: صفحات من تاريخ العراق الحديث من الاحتلال البريطانى حتى ثورة ١٤ تموز ٥٨ (١٩١٥-١٩٥٨)، الكتاب الأول، الطبعة الأولى، السويد، ص١٨٨.
١٨. حوادث العراق في سنة ١٩٤١ كما ترويها وزارة الحرب البريطانية والمستر ونتسن تشرشل في مذكراته، ترجمة، جعفر خياط، الطبعة الأولى، دار الرافدين، بيروت، ٢٠١٩.
١٩. رسول فرهود هاني الحسناوي: عقدان من تاريخ العراق السياسى ١٩٣٨-١٩٥٨ دراسة تأريخية تحليلية، الطبعة الأولى، المطبعة دار الفرات للثقافة والاعلام فى الحلة، الحلة، ٢٠١٦.
٢٠. زينب كاظم احمد: البصرة خلال حركة مايس ١٩٤١، مطبعة دار الحكمة جامعة البصرة، البصرة، ١٩٩٢.

٢١. ستيفن همسلي لونگريك: العراق الحديث من سنة ١٩٠٠ إلى ١٩٥٠ تاريخي، سياسي، إجتماعي وإقتصادي، الجزء الثاني، ترجمهة، سليم طه التكريتي، الطبعة المنقحة الأولى، دار الرافدين، لبنان، ٢٠١٩.

٢٢. صلاح الدين الصباغ: رواد العروبة في العراق، الطبعة الثانية، دار الحرية للطباعة، بغداد.

٢٣. طالب مشتاق: أوراق أيامي، الجزء الأول، الطبعة الثانية، الدار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٨٩.

٢٤. طه البامرني: العائلة المالكة (البداية.. النهاية)، الطبعة الأولى، دار الحكمة- لندن، لندن، ٢٠٢٠.

٢٥. طارق الناصري: عبدالاله الوصي على عرش العراق (١٩٣٩- ١٩٥٨) حياته ودوره السياسي، الجزء الأول، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.

٢٦. طارق الناصري: عبدالاله الوصي على عرش العراق (١٩٣٩- ١٩٥٨) حياته ودوره السياسي، الجزء الثاني، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٩٠.

٢٧. عامر حسك الإمارة: على الدرب العراق فى العهدين الملكي والجمهورى مذكرات العميد الركن عامر حسك الإمارة (١٩٠٧- ١٩٨٢)، الطبعة الثانية، دار قناديل للنشر والتوزيع، بغداد، ٢٠٢٢.

٢٨. عبداالرزاق الحسني: الأسرار الخفية في حركة السنة ١٩٤١ التحررية، الطبعة الخامسة، مركز الابجدية، بيروت، ١٩٨٢.

٢٩. عبدارزاق الحسني: أحداث عاصرتها، الجزء الأول، الطبعه الثانية، دار الرافدين، بيروت، ٢٠١٤.

٣٠. عبدالرزاق الحسني: العراق في ظل المعاهدات، الطبعة السادسة بالاوفست، مطبعة دار الكتب، بغداد، ١٩٨٣.

٣١. عبدالرزاق الحسني: تأريخ الوزارات العراقية، الجزء الخامس، الطبعة السادسة، مكتبة اليقظة العربية، بيروت، ١٩٨٢.

٣٢. عثمان كمال حداد: حركة رشيد عالي الكيلانى سنة ١٩٤١، المطبعة العصرية، صيدا.

٣٣. علاءالدين حسين مكي خماس: من أيام العراق الملكي مذكرات أمير اللواء الركن حسين مكي خماس، الطبعة الاولى، شركة دار الاكاديميون للنشر والتوزيع، عمان، ٢٠١٧.

٣٤. غانم محمد الحفو و عبدالفتاح علي البوتاني: الكورد والأحداث الوطنية في العراق خلال العهد الملكي ١٩٢١- ١٩٥٨، الطبعة الأولى، دار الزمان للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠٠٨.

٣٥. فاروق ابراهيم شريف: الضباط الكورد في الجيش العراقي منذ تاسيسه عام ١٩٢١، الجزء الثالث، الطبعة الاولى، ٢٠١٨.

٣٦. فاضل البراك: دور الجيش العراقي في حكومة الدفاع الوطني والحرب مع بريطانيا سنة ١٩٤١، دار العربية للطباعة، بغداد، ١٩٧٩.

٣٧. لـطفى جعفر فرج: الملك غازي ودوره في سياسة العراق في المجالين الداخلي والخارجي ١٩٣٣- ١٩٣٩، مكتبة اليقضة العربية، بغداد، ١٩٨٧.

٣٨. محمد حسن الطريحي: مذكرات الطريحي، الطبعة الأولى، دار المدى للثقافة والنشر، بغداد، ٢٠٠٦.

٣٩. محمود الدرة: الحرب العراقية البريطانية ١٩٤١، الطبعة الأولى، دار المعرفة، القاهرة، ١٩٦٩.

٤٠. مذكرات سندرسن باشا طبيب العائلة الملكية في العراق ١٩١٨-١٩٤٦، الطبعة الثانية، مكتبة اليقظة العربية، بغداد، ١٩٨٢.
٤١. مذكرات طه الهاشمي ١٩١٩-١٩٤٣، الطبعة الأولى، منشورات دار الطليعة، بيروت، ١٩٦٧.
٤٢. مذكرات علي كمال عبدالرحمن ١٩٠٠-١٩٩٨، شركة الخنساء للطباعة المحدودة، بغداد، ٢٠٠١، ص٦٢.
٤٣. مذكرات فؤاد عارف، الطبعة الأولى، دار ئاراس للطباعة والنشر، أربيل، ٢٠٠٩.
٤٤. معن فيصل القيسي: الملك غازي ومواقفه الوطنية والعربية، الطبعة الثالثة، مطبعة السيماء، بغداد، ٢٠١٩.
٤٥. مؤيد الونداوي: العراق سنوات الحرب العالمية الثانية (الوثائق البريطانيه)، الطبعة الأولى، مكتبة النهضة العربية، بيروت، ٢٠٢٢.
٤٦. مير بصرى: أعلام الكرد، الطبعة الأولى، رياض الريس للكتب والنشر، لندن، ١٩٩١.
٤٧. نجم الدين السهروردي: التأريخ لم يبدأ غدا حقائق واسرار عن ثورتي رشيد عالى الكيلاني ٤١ و ٥٨ فى العراق، الطبعة الثانية، مطابع دار الشؤون الثقافية العامة، بغداد، ١٩٨٩.
٤٨. نضر علي أمين الشريف: محمد فهمي سعيد الدور العسكري والسياسي فى تاريخ العراق المعاصر، الطبعة الاولى، مطبعة الميزان، بغداد، ٢٠٠٢.
٤٩. وليد محمد سعيد الاعظمى: أنتفاضة رشيد عالي الكيلاني والحرب العراقية- البريطانية ١٩٤١، الدار العربية، بغداد، ١٩٨٧.
٥٠. يونس بحرى: اسرار (٢) مايس ١٩٤١ و الحرب العراقية الانكليزية، مطبعة الحرية، بغداد، ١٩٦٨.

ج. ئینگلیزی

51. Majid Khadduri: Independent Iraq A Study in Iraqi Politics since 1932, Oxford University Press, Ameen House, London, 1951.

سێیەم/ گۆڤارەکان:

أ. کوردی

٥٢. گۆڤاری گەلاوێژ، بەرگی یازدەیەم ژیاننامەو پێرست، ئامادەکردنی سدیق ساڵحو ڕەفیق ساڵحو عەبدوڵڵا زەنگەنە، چاپخانەی ڕۆژهەڵات، هەولێر، ٢٠١٦.

ب. عەرەبی

٥٣. مجلة افاق عربية، دار آفاق عربية للصحافة والنشر، العدد٩، السنة التاسعة، مايس ١٩٨٤.

چوارەم/ سایتی ئینتەرنێت:

٥٤. www.kurdipedia.org